# نوگرەسەلمان
NugireseLman

بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی ساڵانەیە، تایبەتە بە پرسی جینۆساید و ئەنفال ـ ژمارە (١١)ـی رۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٢/٧/٢١) بەرانبەر بە ٣٠ پووشپەڕی ٢٧٢٢


# گەردە مامە حەمە :

## گۆڤاری لڤین و سەندیکای رۆژنامەنووسان، هەڕەشەکانی سەر (سۆران مامە حەمە)یان بە هەند وەرنەگرت

گەردە مامە حەمە، خوشکی شەهیدی قەڵەم سۆران مامە حەمە، لە وتارێکیدا کە لە لاپەڕە (٢)ـی ئەم ژمارەیەی نوگرەسەلمان بڵاوبۆتەوە، تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، کە گۆڤاری لڤین و سەندیکای رۆژنامەنووسان، هەڕەشەکانی سەر سۆرانیان بە هەند وەرنەگرت.

گەردە مامە حەمە لە وتارەکەیدا، نووسیوویەتی:"سۆران پێش شەهیدبوونی، سەرنوسەری گۆڤاری لڤین و لقی کەرکوکی سەندیکای رۆژنامەنوسان ئاگادارکردەوە لە مەترسیەکانی سەر ژیانی، کە هەڕەشەی لەسەرە، بەڵام مخابن بە هەند وەریان نەگرت و پشتگوێیان خست".

هاوکات ئاماژە بەوەش دەدات:"هەروەها شەهید سۆران، چەند بەرپرسێکی ئەمنی شاری کەرکوکی لە هەڕەشەکان ئاگادارکردبوەوە، بەڵام هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار بەدەنگ ئاگادارێکەیەوە نەهاتن و نەیانپاراست".

## ئێوارەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی تایبەت لە ساڵیادی شەهیدکردنی (سۆران مامە حەمە) ساز دەکرێت

وابڕیارە کاتژمێر (٥) ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٢/٧/٢١)، ئێوارە دیدارێکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی، تایبەت بە (١٤)ـمین ساڵیادی شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە حەمە) لە شاری کەرکوك ساز بکرێت.

ئێوارە دیدارەکە لەلایەن (رۆژنامەی نوگرەسەلمان) ساز دەکرێت و لە کتێبخانەی دیالۆگ لە کەرکوك بەڕێوەدەچێت.

بەپێی بەرنامەی راگەیاندرا، تێیدا بەشێك لە قەسیدە شیعرییە سۆران مامە حەمە دەخوێندرێتەوە و پاشان نووسەر (کاروان عوسمان شوانی) بابەتێك لەسەر بەرهەمە شیعرییەکانی سۆران بە ناونیشانی (مەرگ و ژیان دۆستی لە شیعرەکانی سۆراندا) پێشکەش دەکات.

هاوکات رۆژنامەنووس (هێمن کامیل)، بابەتێك لەسەر بەرهەمە رۆژنامەوانیەکی شەهید سۆران بە ناونیشانی (خەمی کەرکوك لە کارە رۆژنامەوانیەکانی سۆراندا) پێشکەش دەکات.

ئەمە و وتەی هەر یەك لە رۆژنامەی نوگرەسەلمان و بنەماڵەی شەهید سۆران لە ئێوارە دیدارە ئەدەبی و رۆژنامەوانیەکەدا دەخوێندرێتەوە.










## مەراسیمەکانی ساڵیادی شەهیدی قەڵەم سۆران مامە حەمە

* کاتژمێر (٨) ئێوارەی رۆژی چوارشەممە (٢٠٢٢/٧/٢٠)، یاری کۆتایی خولی تۆپێی پێی شەهید سۆران مامە حەمە لە یاریگای بەکرەچۆی تازە بەڕێوەدەچێت.

لە یاری کۆتاییدا، هەر دوو تیپی شەهید سۆران و تیپی کۆسەی چەم، کێبڕکێی دەکەن بۆ بەدەسهێنانی نازناوی خولی شەهید سۆران.

* رۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٢/٧/٢١)، کاتژمێر (١.٣٠) خولەکی نیوەڕۆ بە کاتی ئەوروپا، لە شاری بێرمێنگام، ساڵیادی شەهید سۆران مامە حەمە بەرز رادەگیرێت.

ساڵیادەکە لەلایەن ئەنجومەنی کوردانی بەریتانیا سازدەکرێن و پێکهاتووە لە ئەنجامدانی گردبونەوەیەك و سازدانی مەراسیمێك، کە تێیدا بەرهەمەکانی سۆران دەخرێتەڕوو.

* هاوکات کاتژمێر (٩)ـی بەیانی رۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٢/٧/٢١)، لەلایەن خانەوادەی شەهید سۆران مامە حەمە، مەراسیمێك لەسەر گڵکۆی شەهید لە قەزای چەمچەماڵ سازدەکرێت و تێیدا کەسوکار و هاوڕێیان و رۆژنامەنووسان سەردانی گۆڕی شەهید سۆران دەکەن و چەند وتارێك پێشکەش دەکرێت.

* هەروەها ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە (٢٠٢٢/٧/٢١) گۆڤاری لڤین، مەراسیمی ساڵانەی شەهید سۆران مامە حەمە لە شاری سلێمانی ساز دەکات.


مەراسیمەکە لە کاتژمێر (٦)ـی ئێوارە لە (سندی هاوس) بەڕێوەدەچێت، کە مەراسیمی دابەشکردنی (١٣)ـمین خەڵاتی ساڵانەی شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە حەمە)یە.


### لەم ژمارەیەدا:


کوشتنی شاعیر، کوشتنی پەیامبەر ........................ ل٤
مەرگ .. لە وەرزی بێتاقەتی "سۆران مامە حەمە"ـدا .......... ل٤
سۆران.. شاعیر و هەم خۆی شیعر ........................ ل5
هاوڕێ سۆران.. نیشتمان هی هەمووان نییە ................ ل6
سۆران سەرقافڵەی شەهیدانی قەڵەم ...................... ل6
جاش ناوێك هەمیشە ئامادە ............................ ل7


## ئەو سێ کتێبەی لە پاش شەهیدکردنی (سۆران مامە حەمە) چاپ و بڵاوکراونەتەوە




## سۆران مامە حەمە و نوگرەسەلمان


* هێمن حەسیب


رەنگە ئێستا زۆرێك ئەو پرسیارە بکەن، بۆچی رۆژنامەیەکی تایبەت بە ئەنفال و جینۆساید لە ساڵیادی سۆراندا بڵاودەکرێتەوە.. ئەمەش پرسیارە، هەر بۆیە لەم چەند وشەدا دەڵێین.....

بەر لە (١٤) ساڵ، کاتێك بڕیارماندا لەسەر دەرکردنی رۆژنامەیەك بە ناوی (نوگرەسەلمان)، تایبەت بە بواری ئەنفال و جینۆسایدی کورد، شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە) لەگەڵمان و لە نێوماندا بوو.

ژمارە (١)ـی نوگرەسەلمان لە (٢٠٠٨/٤/١٤) لە یادی (٢٠) ساڵەی تاوانی ئەنفال بڵاوکرایەوە، لەلایەن ستافێك، کە پێکهاتبوون لە (عەلی مەحمود وەك خاوەن ئیمتیاز و ئیدریس حاجی سەعید وەك سەرنووسەر) و دەستەیەکی نوسەران پێکهاتبوون لە (حمە سەعید زەنگەنە و شەهیدی قەڵەم سۆران مامە حمە و هێمن حەسیب).

سۆران وەك چۆن لە هەر دوو بواری رۆژنامەگەری و ئەدەب بە تایبەت شیعردا، ئەسپی خۆی تاودابوو و لەو تەمەنە کەمەیدا، شوێن پەنجەی خۆی کردبوەوە، بە هەمان، چەشن دەیویست لە بواری جینۆسایدی گەلەکەی قوڵی لێی هەڵماڵێت. لەم رووەوە سەرەتای وێستگەی کارکردنی سۆران لە بواری جینۆساید لەگەڵ رێکخراوی چاك و نوگرەسەلمان بوو، لێی مەخابن، (٣) مانگ پاش دەرچوونی یەکەم ژمارەی (نوگرەسەلمان)، رۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە شەهید کرا.

مەرگ دەرفەتی بە سۆران نەدا تا وەك چۆن لە بواری رۆژنامەوانی و شیعردا، کۆمەڵێ بەرهەمی بە پێزی بۆ جێشتووین، ئاوهاش لە بواری نووسین لە بواری ئەنفال و جینۆساید، بابەت و بەرهەمی هەبێت.. لەگەڵ ئەوەشدا لە کارە رۆژنامەوانیەکان و بەرهەمە شیعرییەکانی، ئەو هەستەی سۆران دەبینین، کە چۆن جینۆسایدی نەتەوەکە خەمێکی نەبڕاوەیی سۆران بووە.

وەك رێزێکیش بۆ رووحی سۆران، هەر دوو ئەو بابەتەی لە ژمارە (١)ـی نوگرەسەلمان بڵاوبویەوە، جارێکی تر و لە لاپەڕە (٧) ئەم ژمارەدا بڵاوکراوەتەوە.

هەر بۆیە کاتێك بڕیارماندا دووبارە دەست بە بڵاوکردنەوەی (نوگرەسەلمان) بکەین، دوو بڕیارمان هەبوو، یەکەم" وەك چۆن لە پێش راوەستانی نوگرەسەلمان، ساڵانە ژمارەیەکی تایبەت بە ساڵیادی شەهیدکردنی سۆران بڵاودەکرایەوە، بۆ ئایندەش ئەم هەنگاوە پەیڕەو بکرێت.. دووەم" تا ئەم بڵاوکراوەیە بەردەوام بێت، ناوی (سۆران) لەسەر (نوگرەسەلمان) وەك ئەندامێکی فەخری دەستەی نوسەران دەبێت.. ئەمەش وەك شانازییەك.

# خوێن و سزا لە نێوان دەسەڵات و قەڵەمدا



**گەردە مامە حەمە**

سۆران ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ـ لقی کەرکوك بوو، ئەندامی نوسینگەی کەرکوکی ڕێکخراوی چاك بوو، بەرپرسی نوسینگەی کەرکوکی گۆڤاری لڤین و ئەندامی دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی نوگرەسەلمان بوو، پابەندی ڕێسا و پرنسیبە ڕۆژنامەنوسیەکان بوو، بۆیە لە زۆر ڕۆژنامەنووسی دیکە لە یاسا و ڕێنماییەکان تێدەگەیشت و دەیتوانی پیشەگەریەتی ئەرکەکەی بپارێزێت، کاری جدی دەکرد، لەخەمی کەرکوك و کوردبوون بوو.

لەسەر دۆسیە هەستیارەکان، ڕاپۆرت و بەدواداچوونی دەکرد و ڕاپۆرتە هەواڵی دەکرد، کێشە و گرفتەکانی خەڵکی ڕووبەڕووی بەرپرسانی شارەکە دەکردەوە! دەنگێکی زوڵاڵی میللەتێکی کپ کراوبوو! بەدواداچوونی بۆ ئەو دۆسیە گەندەڵ و فەسادیانەی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرد، بە ڕاپۆرتە هەواڵ بڵاوی دەکردەوە تا چارە بکرێت.

سۆران بۆ تیرۆرکرا؟ لەسەر یەك ڕەهەند تیرۆر نەکرا! لەسەر بیروڕای ئازادی و بەدواداچوونەکانی و ئەو ڕاپۆرتانەی بەخوێنی خۆی باجیدا تیرۆرکرا! یەکێك لەو ڕاپۆرتانەی، باجەکەی خوێنی سۆران بوو "سۆزانیەکان کەرکوك داگیر دەکەن"! وەك لە ڕاپۆرتە جیهانیەکاندا بڵاوکرایەوە.. ئەو ڕاپۆرتەی ڕیپۆرتەرەکەی بەخوێنی خۆی نوسیەوە و وتارێکی تری بەناوی "خانمەکەی سەرۆك و خانمەکەی بنکلیتۆن"بوو، بەهەمان شێوە گومان دەکرێت خوێنی گەشی لەسەرئەم ڕاپۆرتە ڕژێنرابێت.

سۆران" شتی زۆریان بۆ پێشنیارکرد و زۆرهەوڵدرا بیخەنە سەر ڕێچکەی حیزبی و قەڵەمەکەی بفرۆشێت! بەڵام سۆران نە قەڵەمەکەی خستە خزمەت حیزب و نە کۆڵێدا لە ڕاستی وتن، بەرەیەکی هەڵبژارد، کە لەگەڵ خەڵکی چەوساوە و زلملێکراواندا مایەوە، دەستی بە رووی پیسی حیزب و ڕۆژنامەکانیاندا نا! ڕێچکەشکێنی ئازادی ڕادەربڕین بوو.. وشەی نای کردە دروشمی، سۆران ئاوێکی ڕشت بووە دەریایەك بۆ تینویانی ئازادی!

سۆران کێ تیرۆری کرد؟ ئەو پرسیارەی هەتاهەنوکە دەکرێت و بێ وەڵام ماوەتەوە بۆ ڕای گشتی و هاوپیشە و خانەوادەکەی.

ئایا پێش تیرۆرکردنی سۆران هەڕەشەی لێکرابوو؟ بە دڵنیایەوە بەڵێی وەك خۆی لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەی هاوڵاتی باسی لێوەکردبوو، هەر کەسێك لە نزیك ئاگردان دانیشێت، پرشکی بەردەکەوێت، بەنامە و بەتەلەفون بۆ ماڵەوەمان "هەڕەشەم لێکراوە و دوام کەوتوون و نەشمزانیوە کێن"، تەنها لەبەر ئەوەی دەمانەوێت وێنەیەکی واقیعی و ڕوونی کەرکوك بە دنیاپیشان بدەین، ئەوانیش لەگەڵ ئەم هەڵوێستەماندا نین، شانازی بەوەوە دەکەم کە توانیومە لە مەترسیدارترین ناوچەدا زۆرترین کاری ڕۆژنامەوانی بکەم.

سۆران دەیگوت لێیان ناترسێن، چونکە ڕۆژنامەگەریم خۆشدەوێت و ئامادەم لەپێناو خۆشەویستەکەم "ڕۆژنامەگەری" خۆم بەخت بکەم، ئەگەربشکوژرێم، کەسانێك هەن تا لەشوێنمان دروست ببنەوە".

بە ژمارە تەلەفونێك (٠٧٧٠٥٩٧٢٠١٥) لە (٢٠٠٨/٥/١٥) هەڕەشەی لێکرابوو، لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی ئاگادارکردەوە لە مەترسیەکانی سەر ژیانی و سەرنوسەری گۆڤاری لڤینی لێ ئاگادارکردەوە، کە هەڕەشەی لەسەرە، بەڵام مخابن بە هەند وەریان نەگرت و پشتگوێیان خست! هەروەها چەند بەرپرسێکی ئەمنی شاری کەرکوکی لە هەڕەشەکان ئاگادارکردبووەوە، بەڵام هیچ لایەن و لایەنێکی پەیوەندیدار بەدەنگ ئاگاداریێکەیەوە نەهاتن و نەیانپاراست لەو دەستە خوێنڕێژە و بووە بەقوربانی.

ئایا کەیسی تیرۆرکردنەکی بەکوێ گەیشت! لە سەرەتای ڕووداوەکەدا هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار نەهاتە سەرخت و لێکۆڵینەوەی دەسبەجێ بکات! دوای نزیك بە هەفتەیەك لە دوای تیرۆرکردنەکی دەستکرا بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، بەڵام هەر لەسەرەتاوە لیژنەیەکیان لە دەزگا ئەمنیەکانی شاری کەرکوك پێکهینا بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی کوشتنەکەی، بەڵام پێش ئەوەی لیژنەکە کۆتایی بە لێکۆڵینەوە بهێنێت و بکوژانی سۆران دەسنیشان بکرێت و گومانلێکراوان دەستگیربکرێن و ڕاپێچی دادگا بکرێن و بۆ ڕای گشتی بڵاوی بکەنەوە، بەداخەوە بە ئەمری لە سەرووی خۆیانەوە و بە ئەمری هەردوو حیزبی فەرمانڕەوا، داوایان لێکرا غەلقی مەلف بکرێت! بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەوە بەڵگەیەی کە داواکراوە لیژنەکە غەلقی مەلەفی شەهید سۆران بکرێت، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (نوگرەسەلمان) لە ژمارە (٢)ی ڕۆژی (٢٠٠٨/٨/٣١)دا عەقید (یادگار شکور) بەڕێوەبەری جی سی سی، کە یەکێکە لە ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی شەهید سۆران، داوایان لێکراوە کە غەلقی مەلەف بکەن، بەڵام عەقید یادگار گوتی ئیمزای خیتامی لەسەر نەکردووە تا کەیسەکە دابخرێت! ئەمە بەڵگەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی کە دەستی حیزبی گەورە و بەهێز لە پشت تیرۆرکردنەکەی هەیە!

لە یادی ١٤ ساڵەی تیرۆری براکەم و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی هزر و قەڵەمدا، داوا دەکەم تاوانباران سزابدرێن و لەسزا ویاسا قووتاریان نەبێت و ڕزگاریان نەبێت.

بەڵێ بۆ سەروەری یاسا.. بەڵی بۆ دادپەروەری و بۆ سزادانی تاوانباران.

درورد بۆ شەهیدانی قەڵەم.



# بۆچی هەوڵ بۆ ونکردنی خوێنی شەهیدانی قەڵەم دەدرێت؟



**شیرین کاوە گەرمیانی**

سەبارەت بە ئازادی ئیمامی عومەر دەفەرموێت..
لەکەیەوە دەستان گرتووە بەسەر ئازادی خەڵکدا، لە کاتێکدا ئەوان بە ئازادی لە دایکبوون.

ئەگەر بێت و ئەم وتەیە لە دروستبوونی دەسەڵاتی کوردییەوە بۆ ئەمڕۆ کەمێ لەسەری بوەستین، کاتێك بۆ دەنگی ئازاد و ئازادیی ڕادەربڕین نادۆزینەوە، لە پاڵ لێشاوی سانسۆر و ترس و چەوساندنەوە تاوەکو تیرۆر تۆقاندن، بەڕاستی لە بونیانەوە بۆ ئێستا بەڕادەیەك دەستیان بەسەر ئازادی خەڵکدا گرتووە.. نەك پێشێلکردنی مافی چینێکی دیاریکراو، بەڵکو بەتێکڕا دۆخ و ژیانی خەڵك لەژێر هەژمونی دەسەڵاتی کوردی لە ژێر مەترسییەکی ئێجگار گەورەدایە.

لەم هەرێمە بچووکەدا لەسەر وتنی ڕاستی و ئاشکراکردنی گەندەڵی وهەڵبڕینی دەنگی هەق، سەردەشت و سۆران و کاوە و ویداد تیرۆرکران، بەڵام لە دوای تیرۆرکردنیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی ڕۆژنامەنوسان زیاتر لەبەردەم هەڕەشەی دەسەڵاتدایە و دەیان چالاکوان ڕۆژنامەنوس و ئازادیخواز ڕاپێچی کوچەی زیندان دەکرێن و بکوژانی ڕۆژنامەنوسانیش






ئازاد و ئازادتر بێخەم دەسوڕێنەوە.

سەرباری ئەمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین بەرتەسك دەبێتەوە و دۆخی ڕۆژنامەگەری گەشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار بۆ ژیانی ڕۆژنامەنوسان.. هەر دەرئەنجامی تیرۆرکردنی شەهیدانی قەڵەم شاهیدی ئەم دۆخەی ئێستای خەڵکە، کە چۆن گەندەڵی گەشتۆتە لوتکە و نادادی بەرۆکی هەموانی گرتووە و دەسەڵات بەزەبری هێز خەڵك دەچەوسێنێتەوە و نرخی کاڵاو سوتەمەنی گران دەکات و تادێت کوالیتی کاڵا و شت و مەك خراپ و وێرانتر دەبێت، بەڵام نەبووە لەسەر ئەم هەمو نادادییە کەسێك نەك سزا بدرێت، بەڵکو چاو سورکردنەوەیشی بەرانبەر ناکرێت.. کەچی ڕۆژنامەنوس و ڕەخنەگر ڕوبەڕوی مەترسی تیۆرکردن دەبنەوە.، ئەمە دەلالەتە لەوەی کە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتی تۆتالیتارە و تەعبیرە لە زەبر و زەنگ مەفروزە ئەمە بەجدی وەربگیرێت، کە هەرەسی باری ئاسایشە بەهەمو ڕەهەندەکانییەوە لە هەرێمی کوردستان.

(١٤) ساڵ بەسەر تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنوس سۆرانی مامە حەمە تێدەبەڕێت، بەڵام بکوژەکان ونن و هەمیشە هەوڵی دەسەڵات ونکردنی خوێنی شەهیدان و شێواندنی ڕاستی کەیسەکانیانە، تاوەکو هیچ ڕۆژنامەنوسێك دۆسییە مەترسییەکانی بەرپرسان و دەسەڵات هەڵنەداتەوە، ئەمەش سەرکوتکردنی ئازادی و ئازادی ڕادەربڕینە..

بەڵام تیرۆر و تۆقاندن، نەیتوانییوە پەیامەکانی سەردەشت، سۆران، کاوە، ویداد لە گۆڕ بنێت و پارتەکانی دەسەڵات لایەنی کەم لە کاتێکدا دەتوانن پەڵەی خوێنی شەهیدانی قەڵەم لەسەر جەستە و ڕوخسارییان کاڵ بکەنەوە، کە بکوژان و بکەری یەکەمی سەرجەم کەیسی شەهیدانی قەڵەم لە دادگاییەکی عادلانەدا بەدادگایی بگەیەنرێت.

# تیرۆری ڕۆژنامەوانان و جیاوازی لە تیرۆرەکانی تر



**بەشدار عوسمان**

ئەوەی تیرۆری ڕۆژنامەوانان، لە تیرۆرەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە تیرۆری ئەوان بە مانای هەوڵدان بۆ شاردنەوەی هەژاری، گەندەڵی، ناعەدالەتی و قاچاخی نەوت و پێشێلکاریەکانی دەسەڵاتی کوردایەتیە. تیرۆری ڕۆژنامەوانان پێمان دەڵێت" نابێت خەڵکی کوردستان هاوار بکەن و قسە بکەن.. تیرۆری ڕۆژنامەوانان بەشێکە لە کۆی ململانێ و هەوڵی دەسەڵاتداران بۆ سەرکوتی نارەزایی خەڵکی کوردستان لەسەر ماف و داخوازییەکان و ئازادییەکان.. تیرۆری ڕۆژنامەوانان ڕاستەخۆ هەوڵێکە بۆ تاریککردنی ئایندەی کۆمەڵگا و چارەنوسی گەنجەکان و لەباربردنی خەبات بۆ ژیانێکی باشتر.

کێن ئەوانەی لە ووتنی ڕاستیەکان دەترسن؟! کێن ئەوانەی دەرگای دیالۆگ لەسەر خۆیان و بەرامبەرەکانیان دادەخەن؟! کێن ئەوانەی وەڵامی ڕەخنە و نارەزاییەتیەکان بە گوللە و ئاسن دەدەنەوە؟! تەنها ئەوانەن بە شەفافیەت کۆتاییان پێ دێت.

کامە هێز تونیویەتی بەکوشتن و بڕین و سەرکوت و داپلۆسین درێژە بە تەمەنی خۆی بدات؟! ئەوە کامە سیاسەت و ئایدۆلۆژیایە بەرێگای لە ناوبردنی بەرامبەرەکەی، دەیەوێت پایەکانی خۆی لە نێو کۆمەڵگا بچەسپێنێ؟! ئەوە چ دەسەڵات و حیزبێکە دەیەوێت ترس و تۆقاندن بکاتە تەوقێك و لە گەردنی تاکەکانی بئاڵێنێ، بۆ ئەوەی خۆی (ئازادانە) مامەڵە بکات؟! دەستبردن بۆ کاری کوشتن و تیرۆر و تۆقاندن تەنها لە سیستەم و بەرنامەی حیزبە فاشی و دیکتاتۆرەکان جێگای دەبێتەوە، بەڵام کاتییە!

هیتلەر و ناپلیۆن توانیان ووزە و ئیرادەی تاکەکان وورد و خاش بکەن و ماوەیەك (پاڵەوان) بن، سەدام حوسێن گەورەترین هێزی تەرخانکردبوو بۆ سرینەوەی ڕەقیب و بەرامبەرەکانی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق، بەڵام بەهەوادا ڕۆیشتن و کەوتنە بەرنەفرەتی مێژوو، ئەوانەشی کە لەسەر ئەو کارانە بەردەوامن، چارەنووس و ناوباگیان لەمان باشتر نابێت.

ئەوەی زیاتر دۆسیەکانی تیرۆری ڕۆژنامەنوسانی مەترسیدارتر کردۆتەوە، تاوانباران و ئەنجامدەران و ئەوانەی لە پشتەوەی ئەم تیرۆرانەن بەئاشکرا دەسوڕێنەوە، لە کاتێکدا ئەنجامدەرانیان بۆ زۆرێك لە خەڵکی کوردستان روون و ئاشکران، دادگا و دەسەڵاتی دادوەری نەك ناتوانێ سەربەخۆیانە و بێلایەنانە لێکۆڵینەوەکانی بباتە پێشەوە، بەپێچەوانەوە دەبێتە رایەڵەیەکی بەهێز بۆ بەلارێدابردنی کەیسەکان و دیزەبەدەرخۆنە و وونکردنیان و پەنادانی تاوانباران، تەنها کەیسەکانی چوار ساڵی رابردوو لە هەرێمی کوردستان نزیکترینیانن، بۆیە ناتوانین هیچ خۆشباوەڕییەك بە دەزگا ئەمنیەکان و دەسەڵاتی دادوەری هەڵبچنین.


بیرکردنەوەیەکی زۆر نامەنتقیە، ئەگەر پییان وابێت تیرۆر و لەناوبردنی توێژێکی ڕۆژنامەنوسان و چالاکوانان، دەتوانێت خەونی دورستکردنی دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تاکڕەوی حکومڕانی بەرێتە پێشەوە و هەمومان بێدەنگ و کەڕ و لاڵ بکەن و ئەوانیش بە ئارەزوو هەرچیان ویست بیکەن و بیبەن، خەیاڵێکی مناڵانەیە ئەگەر پێیانوابێت بە تیرۆر و تۆقاندن دەتوانن درێژە بە زیاتر دەوڵەمەندکردن و رووتاندنەوەی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە بدەن و کۆمەڵگاش لەم ئاستی برسیەتی و نەبوونیە رابگرن.

هەموو ئەوانەی لە پێناو دەست راگەیشتن بە ژیانێکی باشتر و ئارام و بێ زوڵم و زۆرداری و نابەرانبەری تێکۆشان، باجێکی قورسیان بە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیاندا و تیاچوون، بەڵام سەروەری و مێژوویەکیان بۆ خۆیان تۆمارکرد بۆ هەتا هەتایە جێگای شانازییە بۆ بەشەرییەت، بوون بە وانەیەکیش بۆ ئێمە، کە ئیتر دەبێت ئەو دەسەڵات و سیستەمانە بگۆردرێن، چونکە ناکۆکیان لەگەڵ عەقڵ و بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە هەیە و دەبێت بچنە زبڵدانی مێژووەوە، ئەگەر بە تیاچوونی ئێمەش کۆتایی پێ بێت، جێگای شانازییە، با بکوژانی سۆرانەکانیش باش بزانن دەستبردن بۆ کاری کوشتن و تیرۆر و پەلاماردان، ئاماژەیەکی روونە و پەلەقاژییەکە بۆ مەرگیان و کۆتای پێهاتنیان و ئەمە دوا وەسیلەیە بەدەستیانەوە.

ئەم دەسەڵاتە زوویێت یان درەنگ، یان دەبێت بکوژی ڕۆژنامەنووسان ئاشکرابکات و دادگاییان بکات.. یان دەبێت لە پاڵ نقومکردنی کۆمەڵگای کوردستان لە کارەسات و بێدەرەتانی، باجی تیرۆری سۆران و سەردەشت و ئەوانی دیکەش بدات.

سەردەشت و سۆران و کاوە و ویداد .. ئەو ڕێچکەیەی ئەوان نیشانی کۆمەڵگەیان داوە، بە تیرۆر و کوشتار و سەرکوت و سیناریۆسازی داناخرێت.. واقعی تاڵ و کارەساتباری ئەم کۆمەڵگەیە، بنەمای ئەوەیە کە تیرۆری هەر سۆران و سەردەشتێك، چەندین سۆران وسەردەشتی تر دەهێنیتە سەر شانۆی سیاسی و ڕێگایان هەموار و هەموارتر دەکات.





## تائێستا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان نەخراونەتەڕوو

# (١٤) ساڵ بەسەر شەهیدبوونی سۆران مامە تێپەڕ دەبێت

ئا/ هێمن حەسیب

تێبنیـەکی پێشـوەخت بـۆ خوێنـەرانی بەڕێز، ئەم راپۆرتە لە دوای دوو هەفتە لە شەهیدبوونی رۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) لە مـانگی ئابی ساڵی (٢٠٠٨) ئامـادەکراوە و ئـە کـات لـە (گۆڤـاری خێزان) بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی ناوەڕۆکەکـەی لێـرەدا جـارێکی تـر بڵاودەکراوەتەوە، بۆیە ئەو بەڕێزانـەی لـەم راپۆرتـەدا نـاو و پلـەیان هـاتووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کات..
لەگەڵ رێزدا.

شـەوی (٢١ ـ ٢٢/٧/٢٠٠٨) لەشـاری کـەرکوك، گروپێـك کـە ئۆتـۆمبێلێکی (بیئێم دەبلیو)ـیان پێی دەبێت دەچنەبەر ماڵی رۆژنامەنوس سۆران مامە حەمـە، لـەکاتی هاتنـە دەرەوەیـدا، یـەکێك لـە ئەنـدامانی گروپەکـە تەقـەی لێـدەکات، لەئاکامدا دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی، بەپێی لێکۆڵینەوە سـەرەتاییەکان، جۆری ئـەو چـەکەی سـۆرانی پـێ کـوژراوە، دەمانچـە بـووە و فیشـەکەکانیش بـەر سکی و قاچی و دڵی کەوتون.

دوای تەقەکردن لە سۆران مامـە حەمـە، یەکەم کەس کە بەدەم سۆرانەوە دەچێت، گـەردەی خوشـکی دەبێـت، وەك خـۆی ئامـاژەی پێـدەکات:"دوای تەقـەکان، چـوومە دەرەوە بـەرەو رووی سـۆران رۆیشـتم، بینیم پێکـراوە، تـەنیا فریـای (ئاه)ێك کەوت، ئیتر منیش هەتا سـەری کۆڵانەکـە بەچـەکەوە رۆیشـتم کەسـم نەبینی".

هەفتەیەك بەسەر روداوەکەدا تێپەڕیوەو و جیهـان بەشـەهیدکردنی رۆژنامـەنوسێکی لاوی کـەرکوکی زانیـووە، کەچـی هێشـتا دامەرزاوە ئەمنییەکانی شارەکە دەستیان بـە لێکۆڵینـەوە نـەکردووە، شـوان داودی سەرنوسـەری هەفتەنامەی (هەواڵ)، کە لە دوای ئازادی عێراق گەڕاوەتەوە کەرکوك، ئاماژە بەوەدەکات:"تا هەفتەی یەکـەمی روداوەکـــە، پـۆلیس هـیچ جـۆرە لێکۆڵینەوەیەکی لە دۆسێکەدا نەکردبوو، تەنانـەت پشـکنینی شـوێنی ئەنجامـدانی تاوانەکـــه"، شـــوان داودی دوپاتیشـدەکاتەوە، کـە تـاوەکو ئـەم سـاتەوەختە لێکۆڵینـەوەی شـیلگیرانە لـە روداوی کوشتنەکە نەکراوە، لەبەرامبەردا لیـوا جـەمال تـاهیر بەرێوەبـەری گشـتی پۆلیسـی کـەرکوك، پێچـەوانەی داودی جـەخت لەسـەر بـەردەوامی لێکۆڵینـەوە، "لێکۆڵینەوە بەردەوامە، بـەڵام پێویسـتە پەلەنەکرێت و کارەکـان بـەهێمنی ئـەنجام بدەین".

### گلەییەکان بەهەند وەردەگرێت

بەرێوەبـەری گشـتی پۆلیسـی کـەرکوك، پـاش هەفتەیـەك لـە کـوژرانی، سـەردانی ماڵی سۆران دەکات، کەسـوکاری سـۆران گلـلـەیی خۆیـان ئاراسـتەی بەرێوبـەری پۆلیسـی کـەرکوك دەکـەن، کـە چـۆن تـا ئەوکاتە هیچ جۆرە لیکۆڵینەوەیەکیان لـە هۆکـاری تیرۆرکردنـی کوڕەکـەیان ئـەنجام نـەداوە، بۆیـە لیـوا جـەمال دەستبەجێ فـــەرمانی ئەنجامـــدانی لێکۆڵینـــەوە دەردەکات.

### ئیدارە کەم تەرخەمە

تیرۆرکردنـی سـۆران مامـە حەمـە، لێشاوێك کاردانەوەی ناوخۆیی و جیهانی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا، کەچـی ئیـدارەی کـەرکوك لەمـەدا، نـەك هـەر دواکـەوتن، بـەڵکو تـا ئامـادەکردنی ئـەم راپۆرتـە بەفـەرمی ئیدانـەی تیرۆرکردنەکـەیان نـەکرد، ئەوەنـدە نـەبێت هەنـدێك لـە بەرپرسـەکانیان لێدوانەکانیانـدا بـۆ دەزگاکـانی راگەیانـدن تیرۆرکردنەکـەیان بەهەڕەشە بۆسەر دیموکراسی ناوهێنا.

### هەندێك سەرداو

عەمیـد سـەرحەد قـادر، بەرێوەبـەری پۆلیسـی قـەزاو ناحییـەکان، بەشـێك لـە ئۆباڵی دواکەوتنی لێکۆڵینەوە لە دۆسێی تیرۆرکردنی سۆران مامە حەمـە، دەخاتـە ئەستۆی روداوەکانی ئـەم دواییـەی شاری کـەرکوك: "روداوەکـانی (٢٨/٧/٢٠٠٨) کاریگـەری هـەبوو، لەسـەر دواخسـتنی دۆسـیەکە، نـەك پشتگوێخسـتنی"، سـەرحەد گەشـبینە لـە ئاکـامی لێکۆڵینـەوەکان و ئومێـدەوارە بکـوژانی سۆران دەربازنـەبن، ئـەوەیش بـۆ گۆڤـاری خێزان ئاشکرادەکات:"هەنـدێك سـەرەداو بۆ پـۆلیس ئاشـکرابوون، بـەڵام نامـەوێت پێش لێکۆڵینـەوە بکـەوم". شوان داودی پێچەوانەی عەمید سـەرحەد بیردەکاتـەوە و نائومێدە لـەوەی لێکۆڵینـەوەکان هیچ ئـەنجامێك بـدەن بەدەسـتەوە:"ناکرێـت ئۆمید بەوە بکەین لـەو پاشـەگەردانییەدا کە ئێستا هەیـە، شتێکت بەدەستبهێنین سەبارەت بەتیرۆرکردنی سۆران".

### لیژنەی تایبەت

لیـوا جـەمال تـاهیر، زانیـاری زیـاتر دەربـارەی لێکۆڵینـەوە لـە دۆسـێیەی تیرۆرکردنـــی ســـۆران دەخاتـــەڕوو، "لیژنەیەکی تایبەت لـە کەسانی شارەزا لـە پۆلیسـی کـەرکوك پێکهێنـراوە بـۆ لێکۆڵینەوە لـە روداوەکـە"، بـەپێی ئـەو زانیارییانـە دەسـت پـەیامنێری خێـزان کـەوتون، عەقیـد بورهـان کـە بـە رەگـەز تورکمانـە سەرپەرشـتی لێکۆڵینەوەکـە دەکات، ئەمەیش بـە بـڕوای هەنـدێك لـە چاودێران لە گرنگیدان بـە لێکۆڵینەوەکە کەمدەکاتـــەوە، لەلایەکیتریشـــەوە لەبەرئـــەوەی دۆســـێیەکە پەیوەنـــدی بەبەرێوەبەرایـەتی پۆلیسـی (بەلـدە)وە هەیـە، دەبێـت سـەرۆکی لیژنەکـە کـورد بێت.

### پیلانی وردی تیرۆرکردن

لـەکاتی روداوەکـەدا، تـەنیا سـۆران و خۆشـکێکی و براژنێکـی لـەماڵ دەبـن، ئەنـدامانیتری خێزانەکـەیان لـەمیوانی دەبـن، ئەنجامـدانی کردەوەکـە هاوکاتـە لەگـەڵ بچـڕانی کارەبـای نیشـتمانی لـەو گەڕەکـە، گرێدانـەوەی ئـەم گریمانـە دەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کـە پلانێکـی ورد لـە پشـت تیرۆرکردنـی سـۆرانەوەیە، ئەوەیشی بەتەواوەتی دڵنیامان دەکاتەوە، وتەیەکی فـەرمان مامـە حەمەیـە، بـرای شەهید سۆران، "بکوژەکان دڵنیابون، کـە ئەگـەر بـدەن لـە دەرگـا جگـە لەسـۆران کەسیتر دەرگا ناکاتـەوە"، فـەرمان بـاس لـەوەش دەکـات، "هـەر کاتێـك مـن و دایکـم لـەماڵ بوینایـە، نەماندەهێشت سۆران دەرگابکاتەوە".

### تیرۆرستەکان کورد بوون

لـە بەدواداچـونی دۆسـێیەی تیرۆرکردنـی سـۆراندا، ئـەوە دەردەکـەوێت، کـە هـیچ کێشـەیەکی کۆمەڵایـەتی نـەبووە، ئـەوە نەبێت رۆژنامـەنوس بـووەو نوسینو کـارە رۆژنامەوانییـــەکانی رەخنـــە ئـــامێز بڵاوکردوەتەوە، سۆران بەتوندی رەخنـەی لەدەسـەڵاتی کـوردیو ئـەدای دەسـەڵات لەشـاری کـەرکوك دەگـرت، ئەمـەیش دەکرێت وەك سـەرەداوێك بـۆ دۆزینـەوەی رەگـەزی بکوژەکـان بەهەنـد وەربگیرێت، لەهەمانکاتدا مەسعود بارزانی سـەرۆکی هـــەرێمی کوردســـتان لەســـەردانەکەی ئەمدواییەی بۆ کەرکوك و لە کاردانەوەی تیرۆرکردنـــــــی ســـــــۆران، دوپاتیکردەوە:"دەبێت فەرهـەنگی تیرۆر لـەناو کـوردا نـەمێنێت". لـەم قسـەیەوە ئـەوەمان دەسـتدەکەوێت کـە بڵـێین تیرۆرکردنەکە کوردییە.

### ئەو گروپە کێن

ئـەوە یەکلانەبوەتـەوە ئـەو گروپـەی هەسـتاون بـەتیرۆرکردنی رۆژنامـەنووس سۆران مامە حەمە چەند کـەس بـوون، بـەپێی لێدوانـەکانی دەزگا ئەمنیـەکان سێ کـەس بـوون و ئۆتـۆمبێلێکی جۆری بیئیمـی رەنگـی رەشـیان پێـی بـووە، لەلایەکیترەوە دراوسێکانی مـاڵی سۆران بـاس لەوەدەکـەن، کـە ئۆتـۆمبیلێکی پیکاب نیسانی دەبڵیش لەگەڵیاندا بوبێت و لەنزیکـەوە چـاودیری ناوچـەکەی کردبێت.

لێدوانەکان دژ بەدۆسیەی لێکۆڵینەوەن لیـوا جـەمال دەڵێـت:"هەنـدێك لـە لێدوانەکان لە بەرژەوەندی دۆسیەکەیەدا نـین"، هەرچـەندە رونینـەکردەوە، ئـەو لێدوانانـە چـین کـە لـە بەرژەوەنـدی لێکۆڵینـەوەدا نـین، لێـرەدا پرسـیارێك بێوەڵام دەمێنێتـەوە، ئایا ئـەو لێدوانانـە چـین کـە کەرکوکییـەکان خۆیـان لەراگەیانـدنی دەبـورن؟، چـونکە لـەم بەدواداچونەدا زۆر کەس بینراوە بـەبیانوی کاریگـەری دانـان لەسـەر رێـڕەوی لێکۆڵینـەوە، خۆیـان لـەوەڵامی (بۆچیو کێ سۆرانی کوشت؟) دەدزییەوە.

### هەڕەشە چییەکان؟

سۆران بەر لەتیرۆرکردنی چەند لایـەنێك، لـە هەڕەشـەکانی سـەر ژیـانی ئاگاداردەکاتـەوە، لـە راپـۆرتی لیژنـەی داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنوسانی سەر بەسەندیکای رۆژنامەنوسـانی کوردستان، نـاوی سـۆران وەك رۆژنامەنوسـێکی هەڕەشـە لێکـراو تۆمـارکراوە ئـەو ژمارەیـــەی مۆبایلـــەش (٠٧٧٠٥٩٧٢٠١٥) بڵاوکراوەتـەوە کـە هەڕەشـەی کوشتنی لەسۆران پێکـراوە، فەرمان مامە حەمە دەڵێت:"ماوەیـەك بـەر لەشـەهیدکردنی ئاگـاداریکردم کـە هەڕەشـەی لێکـراوە"، محەمـەد عوسـمان بەرپرسـی ناوەنـدی کـەرکوکی مەکتـەبی پەیوەندییـــە نیشـــتمانی و کوردســتانییەکانی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان هەڕەشـەکەی سـەر سـۆران دوپاتدەکاتەوە، "باسـی هەڕەشـەی کردو داوای دەمانچەیەکی کرد بۆ ئەوەی خـۆی پێی بپارێزێت، بڕیاربوو هاوکـاری بکـەین بۆ کڕینی دەمانچـەیەك"، بەهەمانشـێوە پـــێش (٢٠) رۆژ لـــە تیرۆرکردنـــی بەرێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییـەکان لـە هەڕەشـــەکانی ســـەر ژیـــانی ئاگاداردەکاتەوە.

### کەسێکی لێناسیون

لـەتیف فـاتیح جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە، کە سۆران کەسێکی لەو گروپـە ناسیوە، بۆیە دەرگای کردۆتـەوە، ئـەگینا سۆران کە هەڕەشـەی لەسەر بـووە، چۆن دەرگـا دەکاتـــەوە". فـــەرمانی بـــرای ســـۆرانیش دەڵێـت: "هـەموو گۆمانێـك رێگـای تێدەچێت"، دایکیشـی دەڵێـت، "سۆران وایزانیبوو میوانن".

### رێگری لە ئازادی رۆژنامەوانی

تیرۆرکردنـــی ســـۆران مامـــە حەمـــە، خوێندنـەوەی جیـاوازی بۆدەکرێت، بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی خـۆی لەسنوردانان بۆئـازادی رۆژنامەنوسـی لەکوردسـتان دەبینێتەوە، لەمبارەوە ئاماژە بەوتەیەکی سەرنوسەری هەفتەنامەی هەواڵ دەدەیـن، "شـــەهیدکردنی ســـۆران پەیامێکـــە بۆبەرتەســـــکردنەوەی ئـــــازادی رۆژنامەنوســـــی"، سەرنوســـــەرەکە بەشێوەیەکی تایبـەت پەیوەنـدی لـەنێوان تیرۆرکردنـــی هەریـــەك لەســـۆران مامـــە حەمـــەو عەبدولســـتار شـــەریف دروســتدەکات، "ئـــەم دوانـــە وەك دوو کەوانـــە وان، یـــەکێکیان لەتەمـــەنی لاوێتیداو ئەویتریشـیان لەتەمـەنی پیردا بووە، مەبەست لێی هەرکەسێك لـەنێوان ئەو دوو کەوانەدا وەك ئەوان بێت، هەمان چارەنوسی دەبێت".

سۆران کێ بوو؟
سۆران محەمەد عەزیز، (٢/٢/١٩٨٦) لـە گـــەڕەکی شـــوڕیجەی کـــەرکوك، ئـــەو گەڕەکـەی تێیـدا تیرۆکـرا لـەدایکبووە، لـەدوای راپـەڕینی (١٩٩١) خێزانەکـەی ئـــاوارەی ســـلێمانی دەبـــن، خوێنـــدنی ســـەرەتایی لەســلێمانی تـــەواو کـــردوەو ناوەنـدی لەکـەرکوك تـەواوکردووە و لـە بەشی بیستن و بینین لە پەیمانگای هونەرە جوانـــەکانی کـــەرکوك وەرگـــیراوە، تاشەهیدبونیشـــی خوێنـــدکاری ئـــەو پەیمانگایە بووە.

ســۆران زۆر ئـارەزوی وەرزشـی کـردوە، بەتایبـەتی تۆپیـپێ، پاشـئەوەی لـەناو یاریگـادا دوو هـاوڕێی بەشـەڕ دێـن، ئـــەمیش وەك ناوبـــژیوان دەکەوێتـــە نێوانیانـەوە، ئاکـام فیشـکی یـەکێکیان بەریدەکـەوێتو بـەهۆی ئـەم روداوەوە، هەشـت مـانگ لەسـەر جێگـەی دەبێـتو ئاکام لەوەرزش دوردەکەوێتەوە.

ســۆران بەهرەیـەکی جـوانی لەنوسـینی شیعرو نامەی سۆزداریدا هەبوو، بەوتـەی لـەتیف فـاتیح، "سـۆران شاعێریکی لاو بـوو، شـیعرەکانی زۆر بـاش بـوون"، هاوڕێیانی سۆرانیش باس لەوەدەکەن کە گوایـە سـۆران بـەنیاز بـووە سـەرجەم شـیعرەکانی لەنامیلکەیەکـدا بەچـاپ بگەیەنێت.

شـیعرو نامـە سـۆزدارییەکانی سـۆران بۆکچێك نوسراون، بەڵام نازانرێت عاشقی چ کچێك بووە، ئەوەندە هەیـە لەلاپـەڕەی عاشـقانی مانگنامـەی سـێبەر کـە لەکـەرکوك دەردەچـێت، نامـەی بۆمەعشوقەکەی ناردەوە.


سـۆران هـەموو خەمـەکانی ژیـانی هـەڵگرتبوو، دوایئـەوەی بـاوکی کۆچـی دوایـی دەکـات، سەرپەرشـتی ماڵـەوەی دەکەوێتـە سەرشـانی، هـەروەها دوو برازایشی بەخێودەکات کە باوکیان ئەنفال کراوە.

دوای گەڕانـەوەی بـۆ شـاری کـەرکوك، سـۆران بـیر لـەدانانی کتێبخانەیـەك دەکاتەوە، لەگەڵیشیدا رۆژنامەو گۆڤـارو پێداویستی خوێندنگا دەفرۆشێت.

ژیانی رۆژنامەنوسی
* سـاڵی ١٩٩٧ یەکـەم نوسـینی لەرۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ بڵاودەکاتەوە.
* لە دوای پرۆسـەی ئازادی دەگەڕێتـەوە کـەرکوك لەرۆژنامـەی کـەرکوکی ئـەمڕۆ دەستبەکار دەبێت.
* دوو ساڵ و نیو بەرپرسی نوسینگەی کەرکوکی رۆژنامـەی کوردسـتان راپـۆرت بووە.
* دوو مـانگ بەر لەشـەهیدبونی دەبێتـە بەرپرسی نوسینگەی کـەرکوکی گۆڤـاری لڤین.
* هاوکات بەرپرسی بەشـی راگەیانـدنی نوسینگەی کەرکوکی ناوەندی چاك بووە.



# کوشتنی شاعیر؛ کوشتنی پەیامبەر



لەتیف فاتیح فەرەج



**"من پرسە بۆ شەهید نەبوونم دەگێڕم"**

بیرمە هەشتاکان وێڕای هەرزەکاری و تازە نەوجەوانیمان، زۆرمان حەز پێ بوو بچینە شاخ ، ئەو سەردەمە نەماندەزانی لە شاخ چ دەگوزەرێت، حەزمان پێ بوو شەهید بین، ئەو حەزە حەزی مەرگدۆستی نەبوو، ئەو حەزە حەز بوو بە گەیشتنی ئەو پلەیەی کە کەسوکار شانازیان پێوە دەکرد، زۆر درەنگ زانیمان ئێمە خەریکی چ دەردێکین.

سۆرانی مامە حەمە، ئەوەندەی شیعرو نووسین و ڕۆژنامەوانی خۆش دەویست، ئەمە جگە لە خۆشەویستی بێ ئەندازەی بۆ کەرکوك، دەیویست ناوی بچێتە ریزی ئەوانەوە کە شەهید دەبن، ئەو پێی وابوو تیرۆری دکتۆر ستار تاهیر شەریف، تیرۆری رابردووە، بەڵام نەیدەزانی تیرۆری خۆی تیرۆری ئایندەیە، بیرمە لە سەر هەندێ پەلە پەلی مردن، یەکدوو جار لێی تورە بووم، هەمیشە بە هاوڕێ ڕۆژنامەنووسەکانم دەگوت، ئەرکی ئێوە هێنانەوەی هەواڵە نەك بوونە هەواڵ، هەندێك وەفادارو بە ئاکار ئەوەیان بیرە و هەندێکیش سپەڵە و ناکەس بەچە دەرچوون.

سۆران عاشقی ئازادی و شیعرو جوانی بوو، ئەو چەند ساڵەی پێکەوە بووین، زۆر یادگاری و بۆنەی تاڵ و شیرینمان هەیە، هەندێ شەو سەعات یەکی شەو بە تەلەفون هەڵیدەساندم تا شیعرێکی نوێم بۆ بخوێنێتەوە، لەو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا.. ئەو پرسەباری ئەوەیە کە شەهید نەبووە، ئەم ویستە شاعیرانەیە لە کوردا مەلا عەلی شاعیر و لە فارسدا خوسرەوی گوڵسورخیم دێنێتە یاد، ئەویش ویستێکی وای هەبوو، لە نێو کایەی ئەدەبدا ئەم ویستە دەکرێت قسەو باسی زۆری لە بارەوە بکرێت، من ئەوەیان لێدەگەڕێم بۆ کاتی ترو ئێستێ هەر لە سەر شیعرەکانی دەوەستم، شیعرەکانی کە ڕۆژ بە ڕۆژ باڵایان زیاتر هەڵدەکشا، بەڵام دوژمنەکانی شیعر، دوژمنەکانی ئازادی ئەوەیان پێ هەزم نەکراو و پەیامبەرێکی شیعرو جوانیان کوشت، وەك چۆن ئەوێ ڕۆژێ لە ناو شاری ئەدەب و هونەردا بە تەنیشت مزگەوتەکەی کاك ئەحمەدی شێخ و چەند شەقاوێ دور لە تەکیەکەی مەولانا و لە ناو یادگاریەکانی باخی گشتیدا، بەکر عەلیان خەڵتانی خوێن کرد.

سۆرانی مامەحەمە، کە من ڕێگە بە خۆم ئەدەم پێی بڵێم سۆرانی شازادە، شازادە حوسێن ئەحمەدی دایکی، کە ئێستاش دەبینم وەك ئەوە وایە بە تەنیشت سۆرانەوە دانیشتبم، ئەو دایکەی ڕژێمی نەیار و ڕژێمی خۆکرد جەرگیان داخ کرد، دەمێکە لە خەیاڵی ئەوەدام گفتوگۆیەکی دورو درێژ لەگەڵ دایکانی سۆران، کاوە، سەردەشت، ویدات بکەم و کتێبێك لە بارەی خەون و خەیاڵ و ئەندێشە و خەمی ئەو دایکانەوە بە ناوی "دایکانی قەڵەم" بنووسم، بۆ ئەمە چەندینجار لە گەڵ دۆستان و کەناڵەکان قسەم کردووە و داوام لێکردون بەر لە مردنی ئەو دایکانە.. کارێ بکەن، مرۆڤ هەر کات ئەوان بدوێنێ زۆر بە نرخی جێدەستی دایك لە سەر ئاوەز و بیرکردنەوەی جگەر گۆشەکەی دەدۆزێتەوە.

سۆران وەك شاعیرێکی کورد، لە ناو ئەنفال و نەهامەتیدا چاوی کردەوە و شیعرەکانیشی زادەی ئەو بارودۆخەن، لە پۆستەرە شیعری کلیلدا دەڵێت:

**هەستان کلیلە بۆ ڕۆیشتن**
**ڕۆیشتن بۆ راکردن**
**لە دایك بوون کلیلە .. دەرگای ژیان بۆ مردن دەکاتەوە**
**گەڕان کلیلە بۆ دۆزینەوەی ونبووەکان**

لە سوڕی ژیان و مردنەکە گەڕێ، سەیرکە چۆن ئەو وێڵ بوون و گەڕانە بەردەوامەی مرۆڤی کوردی دوای ئەنفالی گرێداوە بە وێڵبوون بە دوای ونبووەکاندا، بۆ ئەو گەڕان ئەو کلیلەیە کە ونبووەکانی پێ دەدۆزێتەوە، سۆران خۆیشی زادەی خانەوادەیەکی ئەنفال زەدە و برا ون بوو بووە.

سۆران لە شیعر ولە وا قیعشدا بەم ژیانەی ئێستا رازی نەبوو، ئەو پێی وابوو ئەم ژیانە جگە لە جۆرێك لە زیندان هیچی تر نیە، هەر بۆیە لە پۆستەری زیندانا دەڵێت:

زۆر نووسین و وێنەمیان لەت لەت کردو
هەموویان سوتان
تەنها لە بەر ئەوەی لە دێڕێکا
ژیانم ناو نابوو زیندان

لە پۆستەرە شیعری هامبەرگدا، باسی ئەنفال و بە تالانبردنی پاکیزەکانمان بە بەرچاوی دنیا و درۆی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە بۆ دەکات و دەڵێت:

**من هەرگیز گۆشتی کەنداو و هامبەرگری بیانی ناخۆم**
**دەترسم مەمکی کچە ئەنفالکراوێك بێت**
**بیفرۆشنەوە بە خۆم**

سۆرانی شازادە، ئەو شاعیرەی هێشتا لە بەهاری تەمەندا بوو، بەڵام جەلادەکان لە وشەکانی تۆقیبوون، لەوە تۆقیبوون کە گەنجێك داوای ئازادی و دادگەری دەکات و پەردە لە سەر پیسخۆری و پیسکاری ستەمکاران هەڵدەداتەوە، بۆیە جگە لە بیرکردنەوە لە کوشتنی، هیچ ڕێگەیەکی تریان نەدۆزیەوە بۆ ئەوەی بێدەنگی بکەن، ئەوە چونکە پەیامبەرەکان هەرگیز بێدەنگ نابن، ئەرکی پەیامبەر گەیاندنی پەیامە نەك بێدەنگی، بەڵام سۆران کوشتنەکەشی بوو بە پەیامێکی تر.

سۆران ڕەخنە لە هەموو خوارو خێچیەکانی کۆمەڵگە دەگرێت و دەیەوێت تاکەکانی کۆمەڵگە ببنەوە بە مرۆڤ، ئەوەتا لە شیعری "هێشتا بۆنی سەگەکەم لێدێت" دەڵێت:

**ئۆتۆمبیلێکی سوور ڕەنگ شڕ**
**توڵە سەگێکی ماتی ڕەشتووك**
**چەند مەترێك لە پێشمەوە ئەمە ڕوویدا**
**بۆرە تایەی تاریکی دواوەی لای راستی ترومبێلەکە**
**سەری ڕەشتولەکەی پژان**
**شۆفێرە ئیمانداەکە بێباکانە سەگەکەی تێپەڕاند**
**من راسکە راسکی مردنی تولەکەم بە چاوی خۆم بینی**
**دەستبەجێ هەڵمگرت و خستمە لای راستی شەقامەکەوە**
**مرۆڤەکان هەموو هاواریان دەکرد**
**گڵاوە گڵاو گڵاو**
**کافر فرێی بدە گڵاو بووی**
**من ئەمەم چەند جارێك بە گوێی خۆم بیست**
**گیانسپاردنی تولە سەگە برسیەکەم بە روح هەست پێکرد**
**من گڵاو بووم**
**من کافر بووم**
**من کەی مرۆڤم من سەگم**
**باشتر کە مرۆڤ نەبم**

ئەم چیرۆکە شیعرەی لە (٢٠٠٨/١/٢٦) نووسیووە، چیرۆکێکە و لە شێوەی شیعرا دایڕشتووە، ئەو شێوازەی هێشتا لە کوردستان وەك پێویست ئیشی لە سەر نەکراوە، جگە لە ڕۆمانە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، شیعرە چیرۆکی کورت، هێشتا لای زۆرێك قوت ناچێت، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو بەراورد کردنەیە لە نێوان مرۆڤ و سەگدا یان ئاژەڵدا، کابرای شۆفێر وەك شاعیر دەڵێت ئیمانداریشە، کەچی کە لە تولە سەگەکە دەدات، هەر ئاوڕیش ناداتەوە، کاتێ ئەمیش دەیەوێت لە جادەی دورخاتەوە، گوێی لە خەڵکەکەیە هاواری لێدەکەن گڵاوە.

لە سەرەتای شیعری چاوەڕوانی یان تێرمینالی تەرمدا دەڵێت:

**بەیانیە و جریوەی هیچ تەیرێك**
**خەبەرێکی نوێی بۆ ژیانێکی نوێی ئەم دەڤەرە پێ نیە**

ئیتر ئەمە ڕێك نیشاندانی ئەو بارودۆخە چەقبەستوەی ژیانە لێرە و هیچی تر، سۆران بەو وێنەیە پێمان دەڵێت لەنێو ئەو قەتیسەدا هیچ تازە بوونەوەیەك بوونی نیە.

لەم کۆپلەیەی خوارەوەدا، کە زۆر نزیك لە مێژووی تیرۆرکردنەکەی نووسیویەتی، کە دەڵێم نزیك مانای وا نیە دوای ئەوە هیچی نەنووسیبێت، بەڵام نێوانی ئەم کۆپلەیە و مردنەکەی کەمترە لە دوو مانگ:

**وا هەستدەکەم ئێوارە بیرم دەکەی**
**ڕەنگە هەڵەش بم**
**بەڵام واهەستدەکەم تۆزێکی تر**
**چەند کاتژمێرێك کەمتر**
**کە ئێوارە دادێ**
**تەواو تەواو بیرم دەکەی**
٢٠٠٨/٦/١

لەتیف هەڵمەتی شاعیر لە پێشەکی دیوانی وەرزی بێتاقەتیدا، دەڵێت:

"لە شیعری سۆراندا خەیاڵی فراوان و وێنەی جوان بە دیدەکرێت، مرۆڤ بە خوێندنەوەیان سەرسام دەبێت و تام و چێژی شیعری راستەقینە دەکات".

سۆران هێشتا لە ناوماندایە ، هێشتا هەست بە نزیکی ئەو دەکەین.

> **بەیانیە و جریوەی هیچ تەیرێك**
> **خەبەرێکی نوێی بۆ ژیانێکی نوێی ئەم دەڤەرە پێ نیە**

# مەرگ .. لە وەرزی بێتاقەتی "سۆران مامە حەمە"دا



کاروان عوسمان شوانی

**مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە**
**ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە**
**حاجی قادری کۆیی**

ژیان لە پاڵ زیندووبوونی جەستەییدا، زیندووبوونی ڕۆحیشە، ژیان ئەوەیە کە ئەزموونی دەکەین، مەرگیش قۆناغێکە پیایدا تێدەپەڕین، بەڵام ئەزموون ناکرێ، بۆیە زۆرێك لە بیریار و فەیلەسووفەکان نەگەیشتوونە بە وەڵامی مەرگ چییە؟

بە گشتی مرۆڤ ئارەزووی ژیانکردن دەکات و دەیەوێت پاش ژیانیش ناوی بە نەمریی بمێنێتەوە، زۆرێك لە ڕێگاکانی نەمریی تاقیکراونەتەوە و هیچیان وەك نووسین نەمریی بە مرۆڤ نادەن، هەر بۆیە لە سەردەمی گلگامێشەوە نووسین کراوە بە باشترین ڕێگای مانەوە و نەمریی.

نووسین بۆ نەمرییە و بۆ ئەوەیە وجودی مەعنەویمان لە دوای دیارنەمانی جەستەمان بمێنێتەوە.

کە کۆشیعری وەرزی بێتاقەتی دەخوێنیتەوە، تێدەگەین زمانێکی جیاوازە، ڕێچکەیەکی تا ڕادەیەك تایبەت بە خۆی هەبووە، شاعیر پەنای بۆ وشەی نێو فەرهەنگەکان بردووە، وشەی مردووی نێو فەرهەنگەکانی هێناوە و لە شیعردا بە گەڕیخستووە، زیندوویەتیی بۆ وشەکان گەڕاندووەتەوە، هەر بۆیە م.لەتیف هەڵمەت شاعیری گەورە لە بارەی سۆرانەوە دەڵێت:"سۆران بۆ ئەوە لە دایك بوو خزمەتی وشەی کوردی بکات"١".

شیعر هونەرێکی باڵایە، لە هەموو هونەرەکانی تر زیاتر کار لە هەست و ڕۆحی مرۆڤ دەکات، شیعر کارکردنە لە ناو جوانییەکانی زماندا، بە گشتی کاری ئەدەب نیشاندانی جوانییەکانی ژیانە.

شیعرەکانی "وەرزی بێتاقەتی" زۆر بە کەمی باسی ژیانکردن و بەختەوەریی دەکات، زۆرتر باسی مەرگ و مردن دەکات، دەیەوێت جوانییەکانی مردن بۆ وەرگرەکان بگوازێتەوە.

**"خەنەی قوڵترین مەرگم بۆ مەعشوقە**
**ناسکەکەم گرتووەتەوە**
**تیایدا نوسراوە:**
**جا چییە با بکەوینە دەریایەك ئاوەوە**
**خۆتۆ بە قومێك دەخنکێی!**
**با لە ئاسمانێکدا بفڕیت هەمووی ئاواز بێت**
**خۆ دەستگیرانی تۆ توانای باڵەفرەیشی نەماوە**
**تا لە ڕەنگەکان گۆرانیی ژیان بهۆنێتەوە"ل٧٩ـ ٨٠.**

خەم و بێتاقەتی و بێزاریی لە ژیان و وەرستبوون لە دوڕوویی مرۆڤەکان، ژیانیان لای سۆران بەتاڵ کردۆتەوە.. ژیان تەنها بریتیی نییە لە زیندووبوون، هەڵسان و دانیشتن، ژیان بریتییە لە هونەری ژیانکردن و تێربوونی ڕۆحی مرۆڤەکان.

**"وەرە باواز لە خۆمان بێنین.. واتا درۆ**
**با ژیان ناشیرین بکەین.. ئەگەر بە درۆوە جوانە" ل ٥٩.**



> خەنەی قوڵترین مەرگم بۆ مەعشوقە
> ناسکەکەم گرتووەتەوە
> تیایدا نوسراوە:
> جا چییە با بکەوینە دەریایەك ئاوەوە
> خۆتۆ بە قومێك دەخنکێی!
> با لە ئاسمانێکدا بفڕیت هەمووی ئاواز بێت
> خۆ دەستگیرانی تۆ توانای باڵەفرەیشی نەماوە
> تا لە ڕەنگەکان گۆرانیی ژیان بهۆنێتەوە
>
> سۆران مامە حەمە

لە نێوان مەرگ و ژیاندا، مەودایەکی زۆر هەیە، کە تیایدا مرۆڤ لە ململانێدایە، تا دواجار ماڵی پڕ لە ژیان لە دەست دەدات، مەرگ لە ئامێزی دەگرێت.

**"ئێرە ماڵی پڕ لە ژیانە**
**بە کەڵکی من نایا کە هەمیشە دەجەنگم بۆ مەرگ" ل ٤٩ ـ ٥٠**

ئاماژەکانی مەرگ و مردن لە زۆر شوێنی شیعرەکانیدا بەدی دەکرێت، دەڵێی زانیویەتی مەرگی نزیکە و بە خونچەیی لێدەکرێتەوە، بۆیە خۆی بۆ مردنێکی لە ناکاوی کارەساتبار ئامادەکردبوو.

**"بەیانییە و جریوەی هیچ تەیرێك**
**خەبەرێکی نوێی بۆ ژیانێکی نوێی ئەم دەڤەرە پێ نییە" ل٩٥**

لێکچوونی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان، بێئومێدیی و بێزاریی لای هەموو کەسێك دروست دەکات، بەڵام هەموو کەس ناتوانێ ئەو گوزارشت لەو حاڵەتە دەروونییە بکات، بەڵام سۆران لە جریوەی چۆلەکەیەوە ئەو دۆخەی وێنا کردووە بۆمان.

گۆڕی مرۆڤەکان لە خاکدایە، بەڵام گۆڕی سۆران لە ئاودایە، ئاو یەکێکە لەو توخمانەی ژیانی لەسەر بەندە، بۆیە دەیەوێ پاش مەرگی هەر بژێت و ناوی مەعنەویی بە نەمریی بمێنێتەوە.

**"ئاو گۆڕمە**
**کێلەکانی ژوور سەرم**
**بەفر و تەرزە**
**هەستم قرشێکی نەوسن و دەریاوانێکی بێ عەقڵە" ل٤٧**

**مەریوانی وریا قانع دەڵێت:**

ئەوەی عەقڵ بەتەنها پێمان دەبەخشێت، بەشی ئەوە ناکات پێی بژین.. ئەوەی لۆژیك دەماندانێ ئەوەندە نییە بتوانین بەشێکی زۆری نهێنی و سەرسوڕمان و ئاڵۆزییەکانی ژیانی پێبکەینەوە.. هەمیشە درزێك هەیە لەودیو عەقڵ و لەودیو لۆژیکەوە کە ئامرازی دیکەی بینینی پێویستە بۆ دۆزینەوەی جوگرافیا ئاڵۆزەکانی.

شیعر دێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو درزە وجودییانەی عەقڵ و لۆژیك بەجێیدەهێڵن"٢".

**"ڕقم لەو نیشتیمانەشە کە خۆری تیا کوژرا بەهۆی یاخیبوونی عەقڵەوە"ل٦٣**

تەواوی وێنە شیعرییەکانی سۆران وێنەگەلی قوڵن، خوێنەر ناچاردەکەن لەبەردەمیاندا بووەستێت و بیرباتەوە، ئاماژەکانی پشت دەربڕینەکانی لێکبداتەوە، ئەو ڕاگوزەرییانە شیعری نەهۆنیوەتەوە، زۆر بە وردی ئیشی لە شیعردا کردووە و بە توندیی بە ژیانی خۆییەوە بەستویەتییەوە،کە لەبەردەم ئاوێنەی شیعرێکی دا دەوەستین دەمانباتەوە بۆ لای مەرگی خۆی و خوێنی بە ناحەق ڕژاوی.

" قوربانی بۆ ژیان هەڵدێت و جەللاد بۆ مانەوە دەمانکوژێت" ل٩٩

---

سەرچاوەکان:
١ـ وەرزی بێتاقەتی، سۆران مامە حەمە، ٢٠٠٨ پێشەکی لەتیف هەڵمەت ل٨
٢ـ کتێبی دڵشکان ، مەریوان وریا قانع ، ل ٩ ـ ١٠

تێبینی: شیعرەکان لە دیوانە شیعری "وەرزی بێتاقەتی"یەوە وەرگیراوە.

# سۆران.. شاعیر و هەم خۆی شیعر

## بەهرەی نووسین هەرچەند کەمیش بێت.. مەگەر مردن بیشارێتەوە.... ڤێرجینا وۆلف



* سوارە نەجمەدین

یەقینم لەسەر ئەوەی دنیای ڕۆژنامەگەری کوردی دابەش دەبێت بەسەر پێش شەهیدبوونی سۆران و دوای شەهیدبوونی، شەهید سۆران جیاکەرەوەی دوو قۆناغی جیاوازی کایەی ڕۆژنامەگەری کوردییە، بەو پێیەی یەکەمین شەهیدی قەڵەم بوو، ناو و ناونیشانی سۆران، شێوازی شەهیدکردنی، غەدر و زوڵمی بکوژان، پەڵەی ڕەشی نیشتیمانەکەمان، گەیشتووە بە دوایین کونجی ئەم زەمینە و لە کەشکەلاندایە، لێ کەمینەیەك دیوە ناسکەکەی سۆران دەبینن، کە دنیای ئەدەب و هونەرە، بەو پێیەی سۆران پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووس بێت، پێش ئەوەی خەونی ئەوەی هەبێت ببێتە بە میدیاکار، خەونی بوون بە شاعیر و خەونی ئەدەبی و هونەری گەورەی هەبوو، خەونی نمایشێکی شانۆی نەمر، خەونی نووسینی چامەیەکی خدر عومەر، بێئاگا لەوەی پێش ئەوەی ئەو خەونەی بێتە دی، خۆی دەبێتە بابەتی چەندین دەقی زیندوو، دەبێتە کەرەسەتی شیعری شاعیرانی ناوازە.

شەهید سۆران مامە حەمە، وێڕای کاری ڕۆژنامەوانی، خاوەنی سێ نامیلکەی شیعرە، مەخابن دوای شەهیدبوونی چاپ بوون، بۆ خۆی بڵاوبوونەوەیانی نەبینی! شیعرەکانی سۆران هەڵگری دنیاییەکی خەماوین، بۆ ناسینی سۆران، بە تەنها بەس نییە بزانیت چۆن شەهید کراوە و کارە ڕۆژنامەوانییەکانی چی بوون، بەڵکو بۆ ئەوەی دنیای ڕاستەقینەی سۆران ببینیت، پێویستە شیعرەکانی بخوێنیتەوە، دەقەکانی سۆران ڕوونترین پەنجەرەن تاکو لێوەی بڕوانییتە دنیای سۆران، لە هەر سێی کتێبی (وەرزی بێتاقەتی ـ بەغداد ـ فوو لە چرای وشە مەکەن) لەگەڵ چەند نامەیەکی ئەڤینداری و ئەدەبی، دنیایەك دەبینین کە وێنەی ناوەوەی سۆرانمان نیشان دەدات، ئەگەر ڕۆژنامەوانی و وتار نووسین، لێکۆڵینەوە و کنە و پشکنین کاری کەڤەر بێت و وێنەی دنیای شتە بینراوەکانمان بۆ بکێشێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە شیعر وێناکردنی زیهنە، وێناکردنی ناخە، بۆ ئەوەی شاعیرێك بناسیت دەبێت لە دنیای دەقەکانییەوە بچیتە ناواخنییەوە، ئێمە لێرەدا هەوڵ ئەدەین بە کۆی گشتی لەو پەنجەرەیەوە سەیرێکی دنیای سۆران بکەین و تێبگەین سۆران چ دنیاییەکی دەویست؟ سۆران چ جیهانێکی دەویست؟ چۆن شاعیرەکان هەمیشە دنیاییەکی جیاوازیان دەوێت، هەمیشە بە دوای ئەو جیهانەدا دەگەڕێن، کە خاڵی بێت لە کوشتوبڕ و ناشیرینی، مەرج نییە دنیای شاعیر بۆ خۆی دنیاییەکی جوان بێت، بە پێچەوانەوە دنیایی شاعیر، زیاتر دنیاییەکی خەماوی و تەماوییە، چۆن کۆڵی سەر شانی شاعیر، کۆڵێکی گران و توێشەبەرێکی پڕ لە گومانە.

شاعیر و ڕۆماننووسی نەیجیریایی (بێن ئۆکری) کە ساڵی (١٩٩١) بۆ ڕۆمانی ڕێگای برسێتی خەڵاتی پوکەری بردۆتەوە، دەڵێت: (ئەو جیهانەی کە دەبێت شاعیر تیایدا بژی، مەرج نییە شیعرئامێز بێت... ئەو جیهانە وا بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە)، ئۆکری بەم دەربڕینە دەیەوێت پێمان بڵێت: دنیای شاعیر لەگەڵ شیعرەکانیدا جیاوازن، بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی ئەو دنیاییەی بۆ بسازێت، پێویستە بجەنگێت، لێ جیاوازی نێوان شەڕی شاعیران و شەڕی میرغەزەبان و چەك بە دەستان ئاسمان و ڕێسامانە، ئامانج لە شەڕی شاعیر و شەڕی سەرباز، دوو ئەنجامی جیاوازی هەیە، چەك و قەڵەم، فیشەك و هەست لە ڕۆژانەوە بۆ ئاران دوورن لە یەکەوە.

لە کۆی شیعری سۆران مامە حەمە دنیاگەلێك دەستەواژەی نائومێدی بەدیدەکرێت، کە کۆی هەموویان هەڵگری ئەو پەیامەن سۆران کۆڵێکی گەورەی خەم و ژان بە شانیەوە بووە، دەستەواژەکانی (مردن، غوربەت، ئاشوب، کوشتن، بێتاقەتی، دڕدۆنگ، ناهەمواری، ناسەقامگیری، مەترسی، لەناوچوون، لە ناوبردن، بەربەریەت، تەریقبوونەوە... تا دوای) بەشێکی گەورە لە دەربڕینەکانی شاعیر پێکدەهێنن، بەجۆرێك بە ئاستەم دەقێکی سۆران دەبینیتەوە، ژانێك بەرۆکی نەگرتبێت، وەك ئەوەی سۆران خەمی بە هەموو شتێك خواردبێت، وەك ئەوەی هەموو ڕۆژێك بە دیار دیمەنە جیاوازەکانەوە گریا بێت، بە هەمان نەفەسی بیرکردنەوە وشەکانی دارشتۆتەوە، لێرەدا نامەوێت کۆی شیعری سۆران بخەمە بەردەم تەفسیر، زیاتر لەوەی مەبەستمە شیعرێك هەڵبژێرم و بیکەم ناسنامەی کۆی شیعرەکان، لە نێو هەر سێ کتێبەکەی سۆراندا بۆ من شیعری (هێشتا بۆنی سەگەکەم لێ دێت)، سەرنج ڕاکێشە و وای دەبینم لەو پەنجەرەیەوە دەتوانم کۆی دنیابینی سۆران وێنا بکەم، ئەمە دەقە هەڵگری کۆمەڵێك تێمای جیاوازە، دەکرێت لە چەند گۆشەنیگایەکەوە تەماشای بکەیت و زیاتر لە خوێندنەوەیەك هەڵدەگرێت، بە جۆرێك فرەڕووە، کە دەکرێت بکرێتە بچوکراوەی شیعرەکانی سۆران.

**ئۆتۆمبێلێکی سوور ڕەنگی شڕ**
**تولەسەگێکی ماتی ڕەشتووك..**
**چەند مەترێك لە پێشمەوە ئەمە ڕویدا:**
**بۆرە تایەی تاریکی دواوەی لای ڕاستی ترۆمبێلەکە**
**سەری ڕەشەتولەکەی پژان..**

لە دەستپێکی ئەم شیعرەدا، سۆران هێندە ڕەوان وێنەکە دەگوێزێتەوە، وەك ئەوەی چیرۆك بگێڕێتەوە، وەك نیشاندانی مەشهەدی فیلمێك، کەچی دەیکات بە شیعر، خۆی وەك شاهیدێك گەواهیدەری ڕووداوەکەیە، بە پێش چاوییەوە ڕوویداوە، ڕێژەیەك نەماوەتەوە بۆ گومان کردن، خۆی بینویەتی تایە بۆرەکەی ئۆتۆمبێلە سورەکە، سەری تولە سەگە تووك ڕەشەکەی پرژاندووە.

کۆکردنەوەی ئەو چەند ڕەنگە لە چەند دێڕێکدا، زیاتر ئامانج لێی گواستنەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینەیە، کە گومانی بۆ هیچ کەسێك نەهێشتۆتەوە بڵێت وا نییە، وەك پەلکە زێڕینە لەم کۆپلەیەدا چەند ڕەنگێکی جیاواز هەیە، ڕەنگی تایە و ئۆتۆمبێل، ڕەنگی سەگەکە و ڕەنگی خوێنێك کە ناوی ناهێنرێت.

لە ئاڵوگۆڕی نێوان سور و شڕ، جێگۆڕکێی ناو و ئاوڵناو، جێگۆرکێی نێوان پێناسە و وەسف هەیە، ئۆتۆمبێلێکی سور، لێ ڕەنگی شڕ، دەشێت ئەمە بە تەنها یاریکردن نەبێت بە وشە، ئەوەندە شاعیر ویستوویەتی وێنەکە دروست بکات، (ڕەنگ شڕ) زیاتر تێمایە بۆ کۆی ئامێرەکە، دەشێت ماشێنێکی هێند شڕ بوویێت، ڕەنگە سورەکەی هەڵوەریبێت، لێ لە زایقەوە خۆی سور بووە. (تولە سەگێکی ماتی ڕەشتووك) ڕەشتووك لێرەدا زیاتر یاری کردنە بە وشە، تووك ڕەش. (بۆرە تایە) بەدیلی ڕەنگی ڕەشە بۆ تایەك ئەشێت بە ئەندازەی ڕەنگە شڕەکەی کۆن بوویێت، لێ جیاکەرەوە بێت لەگەڵ ڕەنگی توولە سەگەکەش.

هەموو ئەمانە پێکەوە، زائیدی ڕەنگی خوێنێکی ئاڵ، کە نەوتراوە و نیشاندراوە، (پژان) هەم ڕەنگی توولە سەگەکە دەگۆڕێت، هەم ڕەنگی بۆرە تایەکە، هەم ڕەنگی شەقامەکە.

**شۆفێرە ئیماندارەکە بێباکانە سەگەکەی تێپەڕاند**
**من ڕاسکە ڕاسکی مردنی تولەکەم بە چاوی خۆم بینی**

دانانی وشەی ئیماندار، لەو ڕستەیەدا مەرام لێی جیاوازی نێوان مرۆڤبوون و نامرۆڤبوونە، وەك ئەوەی پێمان بڵێت ئیمان ناتوانێت ڕێگری بکات لە کەسێك نەیەوێت مرۆڤ بێت، ئیماندارەکە بێباکانە سەگەکەی تێپەڕاند، وەك ئەوەی هیچ نەبوویێت، کە گیانی سەگێك بکێشێت، تێپەڕاند و بێباك بوو، با ئیمانداریش بێت، بەڵام مرۆڤ نییە، سۆران دەیەوێت لێرەدا پێمان بڵێت ئەو شاهیدی گیان سپاردن و دوا هەناسەدانی سەگەکەیە، لە هەمانکاتدا شاهیدی ئەوەیە شۆفێری ئیماندار بێباك بووە لەو وێنەیەی ئەو بە چاوی خۆی بینیویەتی.

بینینی سەروەختی مردن هی سەگێك بێت یان مرۆڤ هەمان تاسەی ئازاری هەیە، ڕووحێك لە جەستەیەك دەردەچێت، لە ڕستەی (من ڕاسکە ڕاسکی مردنی تولەکەم بە چاوی خۆم بینی)، بێ ئەوەی بچینە ڕستەی دواتر، تێدەگەین کە شاهید حەسرەتێکی گەورەی لە دڵدایە، ئەو ڕستەیە بێ ئەوەی هەڵگری هەر تێمایەك بێت، کۆی ڕستەکە حەژمەتێك نیشان دەدات، دەشێت ببێتە سەرچاوەی گریانێك.

**دەستبەجێ، هەڵم گرت و خستمەی لای ڕاستی شەقامەکەوە**
**مرۆڤەکان هەموو هاواریان دەکرد:**
**گڵاوە.. گڵاو.. گڵا..**
**کافر فڕێی بدە گڵاو بووی..**
**من ئەمەم چەند جارێك بەگوێی خۆم بیست**
**گیانسپاردنی تولەسەگە برسییەکەم بە ڕۆح هەست پێکرد**




سۆران لەم مەشهەدەدا، کۆمەڵێك وێنای جیاواز دەردەخات، بەبێ ئەوەی بە ڕاستەوخۆ قسان بکات، ئەوە شاعیرەکە بووە تەرمی سەگەکەی هەڵگرتۆتەوە، دەستی داوەتێ، پێیان وتووە گڵاوە، وەك ئەوەی سەگ گیاندارێکی نەفرەت لێکراو بێت و پیس و گڵاو بێت، ئەمیش کە دەستی داوەتێ کافرە، دانانی وشەی کافر لەو ڕستەیەدا بەرپەرچە بۆ وشەی ئیماندار کە لە ڕستەکانی سەرەوەدایە (کابرای ئیماندار)، گوایە ئیمان سەرچاوەی مرۆڤدۆستییە، بێباکانە لە سەگەکە دەدات و دەیکوژێت و دەڕوات، ئەمیش کە بەلای گشتەوە کافرە، سەگەکە هەڵدەگرێتەوە و دەیخاتە سەر شەقامەکە.

لێرەدا دەکرێت هەڵوەستە لەسەر تێگەیشتنی تاك و گشت لە ماناکانی کافر و ئیماندار، گڵاو و نەفرەتلێکراو بکەین، سەحنەی ڕووداوی ئەم شیعرە وڵاتێکی موسوڵمانە، تیایدا ئیماندار زۆرینە و کافرەکانیش بە دزیەوە و بە دەنگی نزم دەبێت بیباوەڕی خۆیان دەرنەبڕن، ئیماندار و کافر لێرەدا دال و مەدلول نین، ئەوەندەی شاعیر ویستوویەتی دوو وێنەی دژ بە یەك لەو دوو کەسایەتیەدا نیشان بدات، ئیماندارێکی بێباك و کافرێکی میهرەبان، وەك ئەوەی بووترێت بکوژێکی بەخشندە، تەڵەکابازێکی ڕاستگۆ، ڕاستگۆیەکی بێسەروبەر، هەر وێنەیەکی دیکەی هاوشێوە. شاعیر بە گوێی خۆی گوێی لێبووە کافری دەکەن و بەچاوی خۆی بینیویەتی ئیماندارەکە لە سەگەکەی داوە، لێرەدا شاعیر دەیەوێت گەواهیدانەکەی ببەستێتەوە بە دوو هەستەوە، هەستی بینین و هەستی بیستن، بینین بۆ خۆی و بیستنی دەنگی ئەوانی تر، ئەشێت بۆنی خوێنی سەگەکەشی کردبێت، ئەوە جگە لەوەی تامی ڕووداوە ناخۆشەکەشی کردووە و هەستی دەستلێدان لە سەگەکەشی لە دەقەکەدا جێگای کردۆتەوە.

لەم تێکستەدا بە نزیکەیی هەر پێنج هەستەکە بوونی هەیە و هەستی شەشەم هەستکردنە بە بەرپرسیارێتی، هەستکردنە بە تاوان، بە مرۆڤبوون، شاعیر لەم تێکستەدا بۆ خۆی کارئەکتەری سەرەکییە و هەم شاهیدی ڕووداوەکەیە و هەم پاڵەوانی چیرۆکەکە، شاعیر لەسەرەتاوە گێڕەرەوەیە، زۆر ناخایەنێت خۆی دەبێت بە کارئەکتەری سەرەکی، ئەو کارئەکتەری نیوە ئەرێنییەکە پێکدەهێنێت، هۆکاری خێرە، ئەگەرچی لەلایەن گشتەوە سەرزەنشت دەکرێت، گڵاو دەبێت و لاشەی دەبێتە بەشێك لە لاشەی سەگەکە، چۆن ئەویش دەستی لە سەگەکە داوە، هەر ئەم ڕوئیایییە درێژە دەکێشێت و لە کۆتا دێڕدا شاعیرەکە خۆی دەچوێنێت بە سەگەکە.

**من گڵاو بووم!**
**من کافر بووم!**
**من کەی مرۆڤم، من سەگم**
**باشتر کەمرۆڤ نەبم.**

میکاییل سۆرپ لە بارەی هەستی شاعیرەوە، دەڵێت زیاتر لە خەڵکی ئاسایی هەست بە دەوروبەری خۆیان دەکەن، ئەم هەستەیە سۆرپ باسی دەکات، سۆران لە مرۆڤبوونی خۆی حاشا دەکات و دەڵێت من سەگم، ئەوە وەزیفەی شاعیرە خۆی بخاتە جێگای ئەوانی دیکە، سۆران بۆ ئەوەی نیشانی بدات بەرگریکارێکی سەرسەختی ئاژەڵانە، و لە هەمانکاتدا دوژمنی مرۆڤی بودەڵەیە، دەڵێت من کەی مرۆڤم، من سەگم، هێماکردن بۆ سەگبوون واتای تورەبوونێتی لە مرۆڤبوون، بەچەشنێك زیاتر قوڵی دەکاتەوە لەوەی باشترە مرۆڤ نەبووە.

سۆران لە قوفڵی ئەم دەقەدا ئامانجەکەی چڕ دەکاتەوە، بەوەی پێمان دەڵێت مرۆڤ چەند بێباك و چەند بێدەربەستە بەرانبەر ڕووح، سەگی بەستەزمان و بێزمان دەبێتە قوربانی، شاعیر بۆ ئەوەی نەبێتە بەشێك لەو دنیا ناشرینە، خۆی دەکات بە سەگ و حاشا لە مرۆڤبوونی خۆی دەکات.

لێرەدا ئێمە دەکەوینە بەردەم پرسیارێکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە: وەزیفەی (ئەرك) شیعر چییە و وەزیفەی شاعیر چییە؟ ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا ئەو دوو وەزیفەیە جیاوازن، لێ لە ناوەڕۆکدا وابەستەی یەکن و لەسەر یەك هێڵ دەڕۆن، وەزیفەی شاعیر ئەوەیە ببینێت کە مرۆڤی ئاسایی نایبینێت، ئەشێت لەم شیعرەی سۆراندا چەند کەسی دیکە لەسەر ڕووداوەکە ئامادە بوویێتن، هەندێکیش ئاهیان بۆ سەگەکە هەڵکێشا بێت، لێ ئەوە شاعیرەکەیە خۆی دەکاتە جێگای سەگەکە، ئەوە سۆرانە دێت ڕووداوەکە دەکات بە شیعر، وەزیفەی شاعیر ئەوەیە لە ترافیکلایتەکەدا منداڵە چڵمنەکە ببینێت و هەست بەو سەرمایە بکات دەچێتە لەشێوە، ئەشێت لەو دیمەندا وەزیفەی مرۆڤبوون بریتی بێت لەوەی چەند تۆپە کلینسێك لە منداڵە چڵمنەکە بکرێت، لێ وەزیفەی شاعیر ئەوەیە هەست بە ناخی منداڵە چڵمنەکە بکات، وەزیفەی شاعیر ئەوەیە وێنای ڕاستەقینەی قۆناغەکە بگێڕێتەوە، لە ڕێگەی نیشاندانی ئەو وێنە بچوکانەوە وێنەیەکی گشتگیری قۆناغەکە بکێشێت، ئەمەش دەکاتە ئەوەی وەزیفەی شاعیر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لە جوگرافیاییەکەوە بۆ جوگرافیاییەکی تر دەگۆڕێت، شێرکۆ بێکەس کە سەردەمی شۆڕشی نوێ، دەیان شیعری بەرگری بۆ شۆڕش و پێشمەرگە و حیزب نووسیوە، لێ کاتێك دەگاتە کۆتایی چامەی (ئێستا کچێك نیشتیمانە) دەنووسێت، وەك ئەوەی پێمان بڵێت وەزیفەی ئێستای من لەم قۆناغەدا ئەوەیە نەفرەت لە نیشتیمان بکەم کە شۆڕشگێڕەکانی دوێنێ و بازرگانەکانی ئەمڕۆ شێواندیان، ئەوە وەزیفەی شاعیرە پشت بکاتە بەرژەوەندی و ڕووبکاتە هەقیقەت، پشت بکاتە فەرەحانی و برسێتی بکات بە قیبلە.

وەزیفەی شیعر نووسینەوە، وەزیفەی شاعیرە، کەم نین ئەو شیعرانەی هێندەی دەیان شۆڕشگێر کاریگەریان هەبووە، کەم نین ئەو شیعرانەی بە تەنها خۆیان شۆڕشێك بوون، جا شۆڕشی هۆشیاری بوویێت یان شۆڕشی گۆڕانکاری، ئەوە شیعری قەڵەڕەشی ئەدگار ئالان پۆیە دەتوانێت ببێت بە ناسنامە، ئەوە تێکستەکانی شکسپیرە زمانێکی باڵای وەکو ئینگلیزی قەرزارێتی، ئەوە زمانی عەرەبییە قەرزداری جوبران خەلیل جوبرانە، ئەوە فەڵستینە قەرزداری مەحمود دەروێشە.

وەزیفەی شیعر ئەوەیە شاعیرەکە بنووسێتەوە، ئەگەرچی بۆچوونەکان لەبارەی وەزیفەی شیعرەوە جیاوازە، بەڵام لە خاڵێکدا هەمووان کۆکن کە وەزیفەی شیعر ئەوەیە شاعیرەکە بنووسێتەوە، وەزیفەی شیعرە لە ڕێگەی جوانییەوە کار لەسەر دنیای قێزەوەنی مرۆڤبوون بکات، وەزیفەی شیعرە ژیان جوانتر بکات، ئەگەر شیعرێك کاریگەری لەسەر جوانی نەبێت، واتە وەزیفەی خۆی وەکو پێویست نەپێکاوە، ئەگەر جیاوازی جوانی نەبێت لە نێوان شیعر و قسەی ئاساییدا، دەکرێت بە هەموو نووسینێك بووترێت شیعر و بە هەموو شیعرێکیش بووترێت نووسین.



سۆران مامە حەمە لەبەر ئەوەی هەم شاعیر بوو هەم ڕۆژنامەنووس، بە هەردوو بارەکەدا دەیویست کار لەسەر ئەو خەمانە بکات، کە بوون بە هۆکاری ئەوەی ئەم زۆنی مەرگی ڕۆژنامەنووسانە جوانتر بکات، سۆران دێت بە ڕاپۆرت و دیدارەکانی وەزیفەیەك ئادا ئەکات، ئەوەی دەزانێت کاری ڕۆژنامەوانی لە عۆدەی نایات دەیکات بە شیعر، کۆکردنەوەی دنیای ڕۆژنامەنووسی و دنیای شیعر، لە سۆراندا کۆنەبۆتەوە و سۆران نمونەیەکی دەگمەن نییە، بگرە دەیان شاعیر و ڕۆژنامەنووسمان هەیە، ئەوەی ئەو دوانە کۆدەکاتەوە هەستی کەسەکەیە بەرانبەر ڕووداوەکان، مادام بەهرەیەك هەیە بۆ شیعر و هەوڵێك هەیە بۆ ڕۆژنامەنووسی، کەوابوو ئومێدێك هەیە نووسین جێگای خۆی بگرێت.

ڕەنگە هەڵە نەبم بڵێم ئەوانەی توانای نووسینیان هەیە، ئەشێت بەختەوەرتر بن لە هەندێك جومگەدا، هەرچۆن ئەوانەی دەنووسن بە تایبەت شیعر هەڵگری کۆڵی گران و بوخچەی پڕ لە پرسیارن، بەڵام بەهرەی نووسین وا دەکات وەزیفەت زیاتر بێت لە کەسانی ئاسایی، هەرچەند ئەو بەهرەیە لە ناخی خۆتدا بشاریتەوە، ناتوانیی خەفەی بکەی، هەر چۆن گەورە ڕۆمانووسی جیهانی ڤێرجینا وۆڵف دەڵێت: بەهرەی نووسین هەرچەند کەمیش بێت، مەگەر مردن بیشارێتەوە.. ئەمەش بە خاتری ئەوەی تۆ بەهرەیەکت هەیە و دەتەوێت لە ڕێگەی ئەو بەهرەیەوە کار لەسەر لاری و نارێکیکان بکەی.

خوڵاسە، سۆران خاوەنی ئەو بەهرەیە بوو، ئەگەرچی هێشتا لە چرۆکردندا بوو، بەڵام تموحی نووسین لای سۆران وایکرد، بە ماوەیەکی کەم زۆر بوار تاقیبکاتەوە، هەر لە شیعر و شانۆ و نامەی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی، مەخابن ئەو دەستە ڕەشەی لە بینەقاقای هەریەکێماندایە زووتر زەفەری بە خوێنی گەشی سۆران هێنا، ڕەنگە ئەو بکوژە زەلیلانە بە تەنها وایانزانیبێت دەستیان چۆتە خوێنی ڕۆژنامەنووسێك، بەڵام لە هەقیقەتدا ئەوان جگە لە بکوژی بەهرەیەکی شیعری بوون، دەشیا دەنگێکی جیاواز و بلندی ئەدەبی لێدەرچوویایە، ئەو دۆستانەی تاریکی بە تەنها گەنجێکیان نەکوشت، بە تەنها ڕۆژنامەنووسێکیان تیرۆر نەکرد، بە تەنها شاعیرێکیان لەناو نەبرد، بگرە هەموو ئەوانەیان پێکەوە کرد و ئومێدێکیان لە گۆڕ نا، کە دەشیا بە ڕێگەی خۆی زۆر جوانی دروست کردبا.

# سۆران سەرقافڵەی شەهیدانی قەڵەم



عەلی مەحمود محەمەد

سۆرن مامە حەمە، یەکەمینی ئەو شەهیدە رۆژنامەنووسانەیە لەسەر کاری رۆژنامەنووسی لە باشوری کوردستان تیرۆرکران، چۆن کاوە لە باوەشی دایکی تیرۆر کرا، چۆن سەردەشت عوسمان رفێنرا و بە ساردی هێنرایەوە بۆ باوەشی دایکی، سۆرانیش تیرۆرکردنەکەی تراژیدیانە بوو، ئەو چەندە بوێر بوو لە وتن و کرداردا، هێندەش پەیوەست بوو بە باوەشی دایکیەوە.

بۆ کۆتایهێنان بە وتنی راستیەکان، کۆتایی بە ژیانی سۆران هێنرا، کەچی چواردە ساڵە راستی تیرۆرکردنەکەی نە وتراوە، لێ لە ویژدانی گەلیشدا بە زیندویی ماوە، دەیانزانی تا سۆران بمێنێت، راستی هەر دەوترێت، کەسانی گەندەڵ و چەوسێنەر بۆ درێژەدان بە کارەکانیان پێویستیان بەوەیە کۆتایی بەو وتنانە بهێنن، لە رێگای سەندنەوەی ژیان لەو رۆژنامەنووسانەی بەرەو رووی تالان و برۆو کارە نا ئەخلاقییەکانیان بونەتەوە، چونکە تا ژیانی سوارچاکانی دادپەروەری بەردەوام بێت، وتنی راستییەکان و دەرخستنی بۆ رای گشتی بەردەوام دەبێت، سەندنەوەی ژیان سەندنەوەی وتنی راستییەکانە.

*** دۆسیەکانی رۆژنامەنووسان لە جیهان**

دۆسیەی رۆژنامەنووسانی تیرۆرکراوی کوردستان، بەشێکی بچوکە لە تیرۆری رۆژنامەنوسانی جیهان، لەو شوێنانەی تاوانکار لە سزا رزگاری نەبووە و دیموکراسیەت بوونی هەبووە وەك وڵاتی ماڵتا، حکومەت بەهۆوەی روخاوە، چونکە کوشتنی رۆژنامەنووس تاوانێکی کوشتنی ئاسایی نییە، چەندە کوشتنی جەستەیە، هێندەش کوشتنی وتنی راستییەکانە، دەرخستنی نا دادپەروەری دەسەڵاتدارییە.

کوشتنی رۆژنامەنووسان دۆسیەیەکی گەورەی رزگاربوونی تاوانبارانە لە سزا لە ئاستی جیهانی، چونکە تاوانکاران کەسانی گەندەڵن و دەست رۆیشتوون، لە رێگای گەندەڵییەوە بە هێزو دەسەڵاتدارن بوونە، بۆیە بە سانایی لە زۆنی وڵاتانی گەندەڵ و نەبوونی یاسا لە سزاو لێپرسینەوە رزگاریان دەبێت.

لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە تا هەنووکە زیاتر لە (١٤٠٠) رۆژنامەنوس لە جیهان تیرۆر کراوە، تەنها لە دەیەی رابردوودا، (٢٢٦) رۆژنامەنووس لە جیهان تیرۆرکراون، لە کۆی (٢٧٨) کاری تیرۆریستی سەبارەت بە دۆسیەی گەندەڵی لە جیهان، رۆژنامەنووسان (٨١،٢٪)ی قوربانیانی بەرەو روبوونەوەی گەندەڵی پێك دەهێنن، واتا زۆربەی باجی بەرەو رووبوونەوەی گەندەڵی رۆژنامەنووسان داویانە، دوای ئەوانیش دادوەر و پۆلیس دێن، هاوکات (٨١٪)ی تاوانبارانی دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنووسان لە سزا رزگاریان بووە لەو ماوەیەدا، وەلێ لە هەرێمی کوردستان رزگاربوونی بکەرانی تیرۆری رۆژنامەنووسان لە سزادان، رێژەکەی گەیشتۆتە لە (١٠٠٪) و قوربانیەکانی لە (١٠٠٪) رۆژنامەنووسانن، ئەمەش کارەساتە و کردنەوەی دەرگایە بۆ تیرۆری رۆژنامەنووسان بە ئازادی و بەردەوامیدان بە گەندەڵی.

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٥ بۆ ٢٠٢٠)دا لە (٨٧٪)ی دۆسیەکانی تیرۆری رۆژنامەنووسان لە جیهان نەگەیشتووە بە ئەنجام یان هەر لایەنەکانی دادوەری لێ ئاگادار نەکراوەتەوە و تاوانباران لە سزا رزگاریان بووە، هەر چوار دۆسیەی تیرۆری رۆژنامەنووسانی کوردستانیش دەکەونە ئەو ماوە مێژووەوە.

لەو وڵاتانەی کە تیایاندا تاوانبار لە سزا رزگاریان بووە، سۆماڵ بە پلەی یەکەمی رزگاربوونی تاوانبارە لە سزا دێت، وێتی سوریا دووەم و عێراق سێیەمی ئەو وڵاتانەیە، کە هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لێی، عێراق لە ریزبەندی ژمارە (١٧٢)ـە لە کۆی (١٨٠) وڵات لە ئازادی رۆژنامەگەری لە جیهان، (٣٢) پلە لە خوار سۆماڵەوەیە.

*** ئەوروپا و رزگارنەبوونی تاوانباران لە سزا**

لە پێنج ساڵی رابردوودا، وڵاتانی ئەوروپا پێنج کاری تیرۆریستی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە، وەلێ چواریان تاوانباران دۆزراونەتەوە و سزا دراون، کە دەکاتە لە (٨٠٪)ی دۆسیەکان، پێچەوانەی جیهان کە زیاد لە (٨٠٪)ی تاوانباران رزگاریان بووە، وە دوو لەو پێنج حاڵەتە بۆتە هۆی روخانی حکومەتەکان، کە پێگەشیان بەهێز بووە و پێشتر بەهۆی نارەزایەتی جەماوەر لەو کارانە و کاردانەوەی توند لە هەمبەری، چونکە رۆژنامەنووسان پێگەی بەهێزیان لە کۆمەڵگاکانیان هەیە، لە خوارەوە ئاماژەیان پێی دەدەین:

- رۆژنامەنووسی ماڵتایی (کارۆانا غالیزیا) لە رێکەوتی (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) تیرۆرکرا، لە ئەنجامدا بەهۆی نارەزایەتی گشتییەوە، جۆزیف مسکاتی سەرەك وەزیرانی وڵات ناچارکرا، دەست لەکار بکێشێتەوە، هەرچەندە بکوژەکەشی بە (١٥) ساڵ زیندانی حوکم دراو لە سزا رزگاری نەبوو.
- رۆژنامەنووسی سلۆفاکی (جان کۆسیاك) لە رێکەوتی (٢٠١٧/٢/٢١) تیرۆرکرا، نارەزایەتییەکان بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی رەبەرت فیکۆی سەرۆك وەزیران لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١١) واتا دوای ٢٠ رۆژ لە تیرۆرکردنەکە، هەر چەندە (١٣) دادوەر دەستگیرکران بەهۆی پەیوەندییان بە دۆسیەکەوە.
— رۆژنامەنوسی بولگاری (فیکتۆریا مارینۆفا) لە (٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨) تیرۆرکرا، ناوبراو بووە سێیەم رۆژنامەنووسی تیرۆرکراوی ئەوروپی، تۆمەتبار بەناوی (سفیرین کراسیمرۆف) لە ئەڵمانیا دەستگیرکرا.
- رۆژنامەنووس (ئار دی فرێسی)ی هۆڵەندی لە (١٥ی یۆلی ٢٠٢١) تیرۆرکرا، سێ گومان لێکراو دەستگیرکران.
- (جۆرج کاریفاز) رۆژنامەنووسی یۆنانی لە رێکەوتی (٩ی ئەبریلی ٢٠٢١) لە نزیك ماڵەکەی لە شاری ئەسینای پایتەخت تیرۆرکرا. بەپێی زانیارییەکانی بەردەستی ئێمە، هێشتا بکوژی رۆژنامەنووس جۆرج کاریفاز نەدۆزراوەتەوە، تاکە رۆژنامەنووسە لە ئەوروپا هێشتا بکوژەکەی ئازادە.. ئەوەی شایانی باسە یۆنان خراپترین وڵاتی ئەوروپایە لە بواری ئازادی رۆژنامەنووسی، لە ریزبەندی (١٠٨)ـەمین لە کۆی (١٨٠) وڵاتی جیهانە، کە ئێران و ئەریتریا و کۆریای باکوور لە خوارەوەی ریزبەندیەکەن.



*** کوردستان بۆ خراپترینی جیهان بێت؟**

وەك لە ئەنجام و ئامارەکان بینیمان، رزگاربوونی تاوانبارانی بکوژی رۆژنامەنووسان لە کوردستان رێژەی (١٠٠٪)ـە، وە قوربانیانی بەرەو روبوونەوەی گەندەڵیش (١٠٠٪) رۆژنامەنووسانن، ئەمەش ئامارێکی ترسناکە و دەرگا دەکاتەوە بۆ کۆمەڵکوژکردنی رۆژنامەنووسان و رێگاگرتن لە وتنی راستییەکان و شاردنەوەی دەرخستنی تاوانی کوشتنەکان، هاوکات دەریشی دەخات تەرزی رۆژنامەنووسانی دژ بە گەندەڵی وەك سۆران و سەردەشت و کاوە خەباتکاری ریزی پێشەوە گەندەڵین، کاری رۆژنامەنووسی لە رووی ئەخلاقییەوە وتنی راستییەکانە.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو خواستەی نییە کە دەرگی تیرۆری رۆژنامەنووسان ئازاد بکات، پێویستە تاوانبارانی تیرۆری رۆژنامەنوسان (سۆران و سەردەشت و کاوەو ویداد) لە سزا رزگاریان نەبێت، ئەنجامی کەیسەکانی تیرۆری رۆژنامەنووسان ئاشکرا بکات، راستییەکان رابگەیەنێت، مۆنۆمێنتی یادەوەرییان بۆ دروست بکات، یادەوەرییان فەرمی و رێگا پێدراو ئازاد بکات، داوای لێبوردن لە بنەماڵەکانیان بکات، قەرەبوو بکرێنەوە.

# هاوڕێ سۆران.. نیشتمان هی هەمووان نییە

روونك شوانی

ئەو رۆژەی دەستت دایە قەڵەم، خەونێکی گەورە هەڵیفڕاندی، پێت وابوو قەڵەم ئەفرێنەرە، دەتوانێت جووتێ باڵت پێ ببەخشێ و ئازادانە لە ئاسمانی نیشتمان بفڕی، یا دەتوانی وەکو رۆبن هود بەهەگبەی پڕەوە یەك بەیەکی ماڵە هەژارەکان بەسەر بکاتەوە، یان قەڵەمێکی بێکەس دەتوانێ سنووری شارێك قایم کا و بەرامبەر سوپایەك لە قاچاخچی ماددەی هۆشبەر، چەك و مرۆڤ بوەستێ و ڕووبەڕوویان ببێتەوە.. ڕەنگە پێت وابوو بەرامبەرەکانت خەڵکی ژیر و نەتەوە و نیشتمانپەروەرن، یان دڵسۆزی ڕێبازی هەزاران قوربانی ڕێی خەبات و ڕزگاری کوردن، لە زمانی قەڵەم دەگەن و ڕێزی لێ دەگرن، نا باوانەکەم! لەم نیشتمانەی ئێمەدا خەونی قەڵەم، بەرەنگاربوونەوەی ڕاستی، لێپرسینەوەی مرۆڤکوژ، لیکۆڵینەوە لە دزینی داهات، ئاشکراکردنی باندی لەشفرۆش و ماددەی هۆشبەر یاساخن، چون ئەوانە زیان بە بەرژەوەندی هەموو ئەوانە دەگەیەنێت، کە ناوی سەردەستە و سەرۆکیان لە خۆیان ناوە، ئیدی سەرۆکی باند بێ یا گرووپەك، یانەکو سەردەستە یان هەر سەرێکی تر بن.

ڕۆڵە چاونەترسەکەی کەرکوك، تۆ دەزانی ئەمڕۆ سۆزانییەکان (سۆزانییە ژن و پیاوەکانیش) نەك تەنها کەرکوك، بەڵکو بەناوی جۆراوجۆر، لە ژێر ناوونیشانی بریقەدار، بە جلوبەرگی شیك و پۆشتە و ئارایشی تۆخەوە، بەجلی فەرمی و کلێتەی سەربازییەوە، هەندێکیشیان بە عەمامە و بەناوی خودا و مزگەوتەوە، بەشێکیان قەڵەم بەدەست و ئیدیعاچی، برێکیان قسەزل و زمان درێژ، هەموو شوێنێکی نیشتمانیان داگیر کردووە؟! زۆربەیان خزاونەتە نێو جومگە هەستیار و دەمار و دڵی وڵاتەوە، یاری بە ژیان و قوت و چارەنووسی خەڵك و نیشتمانیش دەکەن.. وڵاتیان کردۆتە قومارخانە و کوچە و کۆڵانەکانیان بەسۆزانیخانە تەنیووە، بگرە سنووریان بەزاندووە و دەستیان خستۆتە نێو دەستی دوژمنە سەرسەختەکانمان.

لەودیوی سنوورەوە سۆزانی، پیاوکوژ، چەکفرۆش، تلیاکفرۆش و مرۆڤ فرۆشمان بۆ هاوردە دەکەن.. لەبەرامبەردا خێر و بێری نیشتمان ئاوەدیو دەکەن و بە نرخێکی هەرزان دەیفرۆشن..

بۆیە ئەمڕۆ سۆزانییە نێودەوڵەتیەکان لە سۆزانییە خۆماڵییەکان زۆرتر و باڵادەستترن، بە ئارەزووی خۆیان لە نێو شارەکاندا تەراتێن دەکەن و فێرگە، زانکۆ، بنکەی سەربازی و هەواڵگری، چێشتخانە، میوانخانە و هوتێلیان هەن، بەو شێوەیە کولتوور و زمانی کوردییش تیرۆر دەکەن.

خۆزگەم بەخۆت کاکە سۆران، کە نەتبینی شەقام و گەڕەکەکانی کەرکوکە بەتاڵانبراوەکەت، بە خاسە و سەر پرد و ژێر پردەکانیشییەوە بوونەتە زبڵخانەیەکی گەورەی پڕ خاشاك، ئاسمان و هەواکەشی بە دووکەڵی گاز و دووکەڵی بیرە نەوتە دزراوەکانی قانگ دراون، شار شارە ئاوەدانەکەی جاران نییە و کەلاوەیەکی وێرانە.. شەقامەکانی کش و ماتن، ئێژیت خۆڵی مردوویان بەسەردا کراون.. دانیشتوانە ئومێد براوەکەی ڕەنگ زەرد و لێوبەبارن. ژنانی شار خۆیان لە سەرپۆشی ڕەش و جوبەی عەرەبی ئاڵاندووە و ڕوخساری کوردبوونیان تێدا بەدی ناکرێت.. کتێبخانە و کتێبفرۆشەکان تۆزیان لێ نیشتووە، کەس ئارەزووی کتێب و خوێندنەوەی نەماوە، دز و جەردە خۆماڵیی و غەوارەکان لە دوورەوە کەرکوك دەدۆشن و داهاتەکەی دەخەنە تەنکەی باخەڵیان، ئیدی نە لیژنەی لیکۆڵینەوە و بەدواداچوون، نە پەرلەمان، نە یاسا و دادگا فزەیان لێوە نایەت و ناوێرن لێپرسینەوەیان لێ بکەن.

هاوڕێ سۆران، خۆ ئەگەر جارێك بێیتەوە، تەنها بۆ جارێك و هیچی تر، دەبینی چۆن میللەت لە بەردەم ئەم هەموو ناهەقییانە دەستەوەستانە! حوتە زەبەلاحەکان ماسی و مرۆڤ و شاریش قووت دەدەن، هێشتاکانێ هەر برسیی و چاوچنۆکن.. گەرچی خۆیان پیر و پەککەوتە بوونە، وەلێ نەوە و نەوەی نەوە بە شیری دزی گۆشکراوەکانیان، لە هونەری دزین و سەوداکردن بە چارەنووسی خەڵك لە باوك و باپیرانیان بردوونەتەوە.

بەڵێ سۆران، ئەم نیشتمانە هی تۆ، ئازادیخوازان و خەڵکی تێکۆشەر و فیداکار نییە.. ئەمڕۆ نیشتمان شوێنی شکاندنی قەڵەم، کپکردن و تیرۆرکردنی دەنگە بوێرەکانە و لە زیندان قایمکردنیانە.

# سۆران مامە حەمە، قەڵەمێکی تێکۆشەر



ئیدریس حاجی سەعید


چواردە ساڵ پێش ئێستا هاورێی ئازیزمان رۆژنامەنوس و شاعیر و چالاکی بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ (سۆران مامە حەمە) لە بەردەم قاپی ماڵی خۆیان لە گەڕەکی شۆرجەی کوردان تیرۆرکرا.. گەرچی پاش (١٤) ساڵ هیچ هیوایەك بەد یناکرێت بۆ ئاشکراکردن و دادگایی و بەسزاگەیاندنی تاوانباران، لێ ئەم دۆسییە بۆ کەسوکارو هاورێ و رێکخراو و ئازادیخوازان، هەمیشە زیندوە و نوێیە و نە کۆن دەبێت و نە دادەخرێت لە بیرو کارو نوسین و هەڵوێستماندا تا ئەو دەمەی بکوژانی بەر نەفرەتی عەدالەت و دەسەڵاتی خەڵکی دەکەون.

نوسین لە بەرەی قەڵەمەکەی سۆران مامە حەمە واتە بوێری و سڵ نەکردنەوە لە دەرخستنی راستیەکان و بەگژداچونەوەی زوڵم و زۆرو ناعەدالەتی و روبەروبونەوەی لوتکەی دەسەلات لەپێناو بەرژەوەندی و خواستەکانی خەڵك.. بەرەی قەڵەمی سۆرانەکان واتە تەسلیم نەکردنی ئیرادە و نەفرشتنی هۆش و بیرو خۆ بچوك نەکردنەوە لە ئاست پارە و بەرژەوەندی خۆیی و پشتنەکردن لە داوا و خواست و ویست و ئازارەکانی زۆرینەی هاوڵاتیان، دەتوانین و دەشێت بەم بەرەیە بگوترێت قەڵەمە تێکۆشەرەکان ئەوانەی بە نوسین و رەخنە و هەڵوێست سەنگەر لە خراپەکاری دەگرن و دژ بە زوڵم و نا دادی و نەبونی ئازادی تێدەکۆشن، ئەم بەرەیە ئەو پێنوسە مەردانەن کە نە دەکرڕێن بە پارە و سامان نە خۆیان هەراج دەکەن و نە هەڵپەرست و کوری رۆژن، بەڵکو خاوەن ئاکارن و لە بەرەی جەماوەر و زۆرینەی کۆمەڵگەن و لەبەرانبەر ئەمەشدا لەلایەن دەسەڵات و بنەماڵە و خێڵەوە مەرگ و زیندانی و راوەدونان روبەروویان دەبێتەوە لە نمونەی وەك شەهیدانی قەڵەم (سۆران و سەردەشت و د.عەبدولستارو کاوەو ویداد) و رۆژنامەنوسانی زیندانی و دەرکراو لە شوێن و زێدی خۆیان، بە پێچەوانەی هەندێك قەڵەمفرۆش و نوسین فرۆش و خۆ بە رۆشنبیرە بەرژەوەندخوازەکانی بەرەی دەسەڵاتی گەندەڵ و دزو دژ بە ئازادیەکان، کە هەمیشە کۆیلەی پارە و بێ کەسایەتی و نرخن لەنێو کۆمەڵگەدا.

سۆران و سۆرانەکان بونە مێژوو، بۆ رۆشنبیرو ئازادیخوازان تا هەتایە ئەستێرەی گەشاوەن بە بەرۆکی ئاسمانی ئازادی و بوێری و نەمریەوە، بۆ بکوژو دەسلاتی کوردیش پەڵەیەکی یەکجار رەشن بە تەوێڵی ناشیرین و کردارو رەفتارە نەشیاوەکانیانەوە.. سۆران و سۆرانەکان هەمیشە لە دڵ و دەرون و بیری هەموو ئازادیخوازێکدا بەزیندویی و گەشاوەیی دەمێنیتەوەو بکوژ و کۆیلەو دژە قەڵەمەکانیش نەفرەت و زبڵدانی مێژوو جێگەیانە.

هەر لەم یادە پڕ شکۆ و بڵندەی هاورێ سۆراندا، بە بکوژ و دەسەڵاتی لەرزۆك دەڵێین، دڵنیابن کەیسی تیرۆرکردنی کاکە سۆران و سۆرانەکان تەنها هی بنەماڵەو کەسوکاری نیە، بەڵکو هی هەموو ئازادیخوازێکە، هی هەموو رێکخراو و گروپ و لایەن و قەڵەمێکە کە لە پێناو ئازادی وتن و نوسیندا تێدەکۆشێت و خەبات دەکات.. ئێستا سۆران وڕەی هەموو نوسەرێکی بوێرە، هەڵوێستی گشت شاعیرێکی یاخیە، موڵکی گشت رۆژنامەنوسێکی مەرد و ئازاو ئازادنوس و نەترسە.

# سۆرانەکەمان هێشتا وانەی بەهار و نەورۆز دەڵێتەوە



م. محمد بکر

هەر لەیەکەم ناسینمەوە بۆ شەهید سۆرانی مامە حەمە، درکم بەوە کرد کە ئەم مرۆڤە چەندین گەوهەر و دوور و مرواری لەناخیدا خۆی حەشار داوە. هەستم کرد نهێنی پەتیبوون و جوانی ئەزموونی لەگەنجینەکەیدا حەشار داوە. لەچیایەك دەچوو، بەڵام نەمدەزانی چەندە سەرکەش و سەربڵندە. چەندە موعجیبی رێکپۆشیەکەی بووم هێندەش سەرسامی دڵنزمی و خاکیبوونەکەی بووم. بەخاکی هات و بەخاکی ژیا و بەخاکیش بەجێیهێشتین و هێشتاش هەر بۆنی خاکی لێوە دێت. ئەو نەخشی خۆی لەسەر بەرد ئەکێشا، بۆیە شەهیدبوونیشی پڕ بوو لەوەرچەرخان. هێشتا ئاڵای سۆرانی مامە حەمە هەر دەشەکێتەوە. سۆرانەکەمان هێشتا لەهەموو شوێن و جێگەیەك ئامادەیە. هێشتا وەك مامۆستایەك وانەی بەهار و نەورۆز و بابەگوڕگوڕ دەڵێتەوە. وا دەبینم هۆنراوە دەهۆنێتەوە و وتار و ڕاپۆرتی ستەمکار و گەندەڵ هەژێن دەنووسێت و جار جاریش گۆڕانیەك دەچڕێ و دواتریش پڕ بەدڵ پێدەکەنێت. ئیتر سۆرانەکەی ئێمە وایە. ئەو هێشتا گەنجە بوێر و پەتیەکەی جارانە. هێشتا هەر وەردەچەرخێ.

سۆرانی مامە حەمە لەدونیایەکی جوانتر و ئاسایشتر و ئینسانیتر دەگەڕا. بۆ گەیشتن بەدونیایەکی بەمرەنگە هیچ سنوورێکی نەدەناسی. لێگەڕی ئەو نهێنیانە بوو کە ئێمە دەرکمان پێ نەدەکرد. ڕۆژنامە نووسێکی دانسقە و شاعیرێکی بەسەلیقە و تا بڵێی مرۆڤێکی بەویقار و هێمن و خاوەن کەسایەتی بەرز بوو.

سۆرانی مامە حەمە مرۆڤێکی فرە ڕەنگ بوو. هەموو ڕەنگەکانی خۆی تێکەڵ بەژیان دەکرد. حەزی لەیاسا و ئەزموونی جەنگەڵستان نەدەکرد. ئەو خەونی بەدونیا و کۆمارێکی مرۆڤایەتیەوە دەبینی، کە تێیدا مرۆڤەکان سەربەست و ئازادانە گوزارشت لەجوانی بەها و پیرۆزیەکانیان بکەن.. ئەو وەك ڕۆژنامەنووس و شاعیرێك هەموو کەسێکی بانگهێشت دەکرد تاوەکو لەدارشتنی بناخە و کۆڵەکەکانی کۆمارێکی بەوڕەنگە ڕەنج بدەن.

سۆرانی مامە حەمە زوو دەرکی بەڕاستیەکان دەکرد. زوو تێدەگەیشت و تێگەیشتنی خۆشی ئەخستە واری کرداریەوە. هوشیار و زانا بوو، دوور دەڕۆیشت و دروست دەگەڕایەوە. ئەو باش دەیزانی لەکوێدا شعر بڵێ و گۆرانی بڵێ و پێبکەنێ. باش دەیزانی لەکوێدا تووڕە ببێت و هاوار بکات.

سۆرانی مامە حەمە ڕۆڵەی ڕووناکی بوو. تاسەی سەحەر و شەفەقی دەکرد. دەرمانی نەخۆشیەکانە لەخۆرەتاودا ئەبینی. دژی تاریکی و شەوەزەنگ بوو. سۆران خۆرئاسا گەرمایی و تیشك و ڕوناکی دەکردە دیاری بۆ هەموو ئەوانەی بۆ چرکەیەك دانوستاندنیان لەگەڵ بکردایە. دیدار لەگەڵ سۆرانی مامە حەمە جۆش و مۆراڵی لەگەڵ خۆیدا ئەهێنا.

سۆرانەکەمان هەرگیز سانسۆر نەدەکرا. ئەو دەمێك بوو پەتی حیزبە وابەستە و کلاسیکیەکانی باشووری پچڕاندبوو. بۆیە دەسەڵاتی ستەمکار، نەیتوانی دەستەمۆی بکات. نەیتوانی لەجوڵە و خێرایی و هەڵکشانی سۆران کەمبکاتەوە. نەیتوانی گەوهەری ئەم بەرزە مرۆڤە بشێوێنێت.. بۆیە پەنایان بردە بەر ڕەفتارە قێزەون و نامەردانەکی خۆیان، کە ئەویش تیرۆرکردنی بوو.

تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە... لەکەسێتی سۆراندا کۆمەڵگا و هەرچی دەنگی ئازادە تیرۆرکرا.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدی قەڵەم سۆرانی مامە حەمە

ڕسوایی و شەرمەزاری بۆ بکەرانی ئەم تاوانە قێزەونە.

## دوو بابەتی ڕۆژنامەوانی شەهید سۆران مامە حەمە

# حکومەت تاوانبارە کە جاشەکان دادگایی ناکات

دوو بابەتی شەهیدی قەڵەم (سۆران مامە حەمە)، کە لە ژمارە (١)ی ڕۆژنامەی (نوگرەسەلمان) لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٤/١٤)دا بڵاوبۆتەوە، ئەوانیش ڕاپۆرتێك بە ناونیشانی (حکومەت تاوانبارە کە جاشەکان دادگایی ناکات)، لەگەڵ وتارێك بە ناوی (جاش ناوێك هەمیشە ئامادە، هەمیشە ڕێك، هەمیشە لە فۆڕمی سەردەمدا). کە وەك ڕێز بۆ ئەو ئەندامەی دامەزرێنەری ڕۆژنامەکە لێرەدا بڵاوی دەکەینەوە.

**ئامادەکردنی: سۆران مامە حەمە**

ئەو شاڵاوە بەرینەی ئەنفال بەتەنها بەسەربازەکانی سوپای عێراقی نەدەکرا، جاش وەك ڕێنیشاندەرو دەلیلی ئەوان ئەو کارەساتەیان دروستکرد.

مریەم ئەحمەد کەخۆی وهەشت منداڵو مێردەکەی ونزیکەی ٣٧٥ کەس لەگوندەکەیاندا ئەنفال کرابوون دەڵێت"بارق هات گرتمانی، بەڵام لەپێشدا جاش دەستنیشانی کردین"، ئەو چیرۆکی گرتنی خۆی وخانەوادەکەی دەگێڕێتەوە"لەتۆپزاوا کاتژمێر ١٢ی شەو بوو بانگی پیاوەکەمیان کردو کەلوپەلیان لەبەری داکەندو بەجامانەکەی خۆی چاو ودەستیان بەستەوەو بردیان دوای پێنج خولەك گوێم لەتەقەکان بوو کەکوشتیان"، ئەو باسی ئەوەیکرد کەلەوێدا ٣منداڵی لەبرسا مردوون"٣ لەمنداڵەکانم لەبرساندا مردن هیچ نەبوو بیخۆین"، منداڵێکیشی"زندۆقی چووە"و مریەمی ڕەشپۆش وای گێڕایەوە"کەباریانکردین لەزیلەکە عەسکەرێك کردی بەباڵ کورەکەمداو فڕێی دایە نێو سەیارەکەوە یەکسەر زندۆقی چوو وزاڵی تەقی زوخاوی لەدەم هاتەدەرەوەو مرد"، ئەو ژنەی کە٣منداڵەو مێردەکەی ئەنفال کراوە دەڵێت"تاکوئێستا هیچم بۆنەکراوە.

بۆمنداڵەکانیشم هیچ نەکراوە"، ئەو تەنها سەدام وعەرەبەکان بەتاوانبار نازانێت و پێی وایە"جاش نەخشەکەی کێشا، ئەوانیش بەشداربوون، ئێستاش کەدەچمە هەندێك دائیرە هەر جاشەکانن ماونەتەوە لەشوێنی خۆیان بەتایبەتی کەرکوك هەر دارودەستەکەی جارانە"، مریەم هەرگیز ئاسودەنابێت"بەحەزرەتەوەم ڕۆژێك ئاسودەبم، من ئێستاش کرێچیم وژیانم خۆش نییە ئیدی کەی ئاسودەبم".

ئەوان بەرەنگە تاریكو زەردەخەنە تەماوییەکانینەوە دەیانناسیتەوە، شەرمین کچێکی تەمەن ٢٢ساڵەیەو باوکی ومامی ئەنفالکراوەو باوکی بەبیر نایەتو بەهۆی نەبوونی وهەژارییەوە خوێندنی بۆتەواو ناکرێتو خەڵکی ناوچەی زەنگنەیە، شەرمین دەڵێت"هەقە جاشەکانیش وەکو سەدام وعەلی کیمیاوی بەسزای خۆیان بگەیەندرێن ئەوانیش تاوانبارن"، کچەباوك ئەنفالکراوەکە کاتێك ئەو جاشانە دەبینێت هەست بەدڵتەنگی دەکات لەفەرمانگەو شوێنەکاندا"ئەوان دەستیان لەخوێنی باوکی من داهەبوو کەچی هەرئەوان لەفەرمانگەکاندا کارەکانی ئێمەیان بەدەستە".

ئەو چیرۆکی جاشێکی گێڕایەوە کەدەیناسێت و"ئێستا مەسئولەکان دەچنەماڵی وهەمان ئاغای جارانە بۆئەوانە بەسزای خۆیان ناگەیەنن" ئەو دەسەڵاتە بەتاوانبار ناو دەبات لەبێتاوانکردنی ئەو جاشانەدا"حکومەت باش دەیناسێت، حکومەت تاوانبارە کەجاشەکان دادگایی ناکات"، ژنێکی دیکەی ئەنفالکراو پێی خۆش نەبوو ناوی بهێنرێت لەبەرئەوەی"ئەوەندە لەراگەیاندنەوە قسەمکردوهیچمان بۆنەکرا زۆرکەس دەمناسن"، ئەو خەڵکی ناوچەی جەبارییەو مێردەکەی ومامی لەئەنفالدا تیاچووە وجاشەکان بەڕێنیشاندەری سوپای عێراق دەزانێت بۆگوندەکەیان"ئەو شوێنەی ئێمەی لێبووین لەنەخشەیشدا نەبوو ئەگەر جاش نەبوایە عەسکەرێکی بەسرا بەچی دەگەیشتە لای ئێمە"، ئەو ناوی موستەشارێك دێنێت کەدەستی هەبووە لەئەنفالکردنی مێردەکەیدا"عەدەی عەبە جامیعە ناوچەی جەباری ئەنفال کرد، ئێستاش لەو ناوە دەسوڕێتەوە، دوای پرۆسەی ئازادی مەسئولەکانی یەکێتی هاتن دەعواتی بوون، لەجیاتی ئەوەی هەقی ئەو ئەنفالانەیان لێبکردایەوە"، عەدەی عەبە جامیعە، کەبەعەدنان جەباریش ناسراو نزیکەی ٧٠٠ کەسی ناوچەی جەباری ئەنفال دەکات وئێستاش لەنێوان سوریاو ئەردەن وعێراقدا دەسوڕێتەوە، ئەو ژنە دەڵێت"ویستم بچم شکاتی لێبکەم، بەڵام کەس هاوکاری نەکردم وباوەڕم بەحیزبەکان نییە کەئەوان بگرن، چونکە حیزبەکان هێلانەی جاشەکانن"، ئێمە دەبێت پشوو درێژبین بۆگوێگرتن لەچیرۆکی ژنە ڕەشپۆشەکانی ئەنفال.

کەهییە فەخرەدین خەڵکی ناوشوانەو مێردەکەی وچواربرای مێردەکەی لەلایەن جاشەکانەوە تەسلیم بەسوپای عێراق کراون"موستەشارێك ئێمەی گرت بەناوی فەتاح کتکەیی ودانەیەکی دیکەشی لەگەڵ بوو بەناوی عەبە کارەباچی"، عەبەکارەباچی لەژیاندا نەماوەو فەتاح کتکەیی، وەك وتی لەنێو ڕیزەکانی یەکێتیدایە"لەناو یەکێتیدایە"، کەهییە لەگەرەکێکی کەرکوکدا کرێچییەو هیچ خزمەتێکی نەکراوەو پێی وایە حیزبەکوردییەکان دەتوانن ئەوان دادگایی بکەنو دەتوانن ئەوانیش بگرنە خۆیان، ئەو دەیەوێت"ئەو موستەشارانەی بەخۆشی دەسوڕێنەوە دادگایی بکرێن"، هەروەها دەیەوێت قەرەبوویکرێتەوەو خانووی پێبدرێت، ئەوەش دەڵێت"برینم قەت سارێژ نابێت نزیکەی ٧٠کەسم ئەنفالە برینی من بەچی سارێژ ببێت"، ئەو منداڵەکانیشی لەبەر دەستکورتی "یەك ڕۆژ نەیانخوێندووەو تاکوئێستا هیچ لایەنێك لێی نەپرسیوینەتەوەو کەسوکاری ئەنفال لەرەوشی ژیانیان زۆر بێزارەو کەس نازیان هەڵناگرێت، جاشێك دەکوژرێت پارچەك زەوی وخانوویەکیشی دەدەنێ ومووچەی باشیشی بۆدەردەهێنن بەڵام کەسوکاری ئەنفالیان پەراوێزخستووە".

کاروان عەلی لەساڵی ئەنفالدا لەدایکبووەو گوزەرانیان بەخراپ وەسف دەکات لەبەر ئەوەی"من خۆم کرێکاری دەکەم ودایکم نەنکم وباپیرم بەخێو دەکات لەماڵەوە، چونکە هەردووکیان کوێرن، تاکوئێستا هیچمان بۆنەکراوە"، ئەو پێیوایە لەحکومەتی عێراق کەخزمەتیان بۆبکات "حکومەتی خۆمان توانای هەیە دەبێت ئیدی خزمەتمان بکات"، ئەو تەنها ٢ مانگ بووە لەگەڵ دایك وباوك و٣مامیدا ئەنفال دەکرێت لەناوچەی قادرکەرەم، ئەو لەدەمی دایکییەوە دەگێڕێتەوە"دایکم واباسی دەکات کەهاتوونەتە سەر گوندەکەمان ٣ جاشیان لەگەڵ بووەو ئێستاش ماون ودەستیان دەڕوات، چۆن سەدام وئەوانی تر دادگایی کران جاشەکانیش دادگایی بکرێت".

ئەو کوڕە چاوەکانی پڕدەبێت لە فرمێسك "لەوە زیاتر قسەم بۆناکرێت هیچیان بۆنەکردووم، زەویمان وەرنەگرتووە تەجاوز کارێکی کردووە کەزەوی بۆپاشماوەکانی ئەنفال نەماوە"، ئەویش کرێچییەو داوا دەکات زەوییان بۆدابین بکرێت یان خانوویان بۆدروست بکەن"من کرێکاری دەکەم ڕۆژانە بیست هەزارم دێت دە هەزاری دەکەم بەمەسرەف دە هەزارەکەی دیکەش بەشی کرێ خانوو ناکات، ئەی من گەنجم نابێت پێداویستییەکانی خۆم دابین بکەم".

دکتۆر مەلا سیروان لەسەر جاشەکان وئەو مەلایانەی فەتوای حەڵاڵکردنی ئەنفالی کوردیان داوە"ئەو کەسانەی فەتوای شەرعییان بەرژێمی بەعسی دیکتاتۆر داوە دینەکەی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە، بۆمادە و نزیکبوونەوە بووە لەدەسەڵاتو بێبەرین لەدینو ئیسلام''، مەلا سیروان بەتوندی دژی ئەوە دەوەستێتەوە کەئەو جاش ومەلایانە ئێستاش لەنێو دەسەڵاتدان"ئەوە زیاتر خەڵکی نیگەران کردووەو بێزاربوون لەم دەسەڵاتە، ئەگەر بەدیلێك هەبێت خەڵك واز لەم دەسەڵاتە دەهێنێت وبەرامبەری شۆڕشو ڕاپەڕین دەکات"، ئەو هۆکاری قسەکانی خۆی بۆئەوە گەراندەوە"کەسێك خوێنی کوردی بەحەڵاڵ دەزانی وملی کوردی دەکرد بەپەتا ئێستا لەدەسەڵاتدایە"، ئەو ئامۆژگاری دەسەڵات دەکات بەوەی"دەبێت کارێك بکەن خەڵك لەخۆیان نەرەنجێنن"، ئەو درێژە بەقسەکانی دەدات"پۆست دەدەن بەخۆفرۆش وجاشەکان بۆئەوەی لێمان دڵگران نەبن، ئەگەر قیادەی سیاسی لێیان خۆش بێت، ئەی جەماوەر، جەماوەر لێیان خۆش تابێت، جەماوەر ئەوانی گەیاند بەو شوێنە، سبەی جەماوە نەفرەت لەو هەڵوێستەیان دەکات".

مەلا کەرکوکییەکە هێمای بۆئەوەکرد کە"دین هیچی پێناکرێت بۆ پاشماوەکانی ئەتفال ، دین دەسەڵات نییە".




# جاش ناوێك هەمیشە ئامادە، هەمیشە ڕێك ، هەمیشە لە فۆڕمی سەردەمدا

**نووسینی: سۆران مامە حەمە**

ڕیشەی جاش لەفەرهەنگی سیاسی کورددا تازە نییە، وجاشایەتیش کردەیەکی نوێ نییە کەمۆدێرنێتە بۆی هێنابین!، هەر لەسەردەمی شێخ مەحموودەوە تا ڕۆژگاری ئەمرۆ جاش دەورێکی باڵای هەبووە لەبەرەنگاربوونەوەو شکستپێدانی شۆڕشو جوڵانەوە کوردییەکاندا، بەڵام جاش ئێستا فۆرم وستایلێکی دیکەی وەرگرتووە ، جاشەکان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا و دواتر بۆلێدانی هێزی پێشمەرگە لەلایەن حکومەتی ئەوسای ئێراقەوە دروست بوون ، جاشی ئەنفال ، جاشێکە جیاواز لە جاشی هەموو قۆناغەکان .. جاشی ئەنفال بێ ویژدانترین و بێ ئەمەکترین و حەرامزادەترین کەسانێك بوون کە بەرژەوەندی تاکی خۆیان هاوشان لەگەڵ بەرژەوەندی ڕژێمی بەعسی عەرەبی عێراقدا گرێداو بۆسڕینەوەی نەتەوەیەك و دەرکەوتنی ئەوان وەك فیداکارو خاوەن نگ شجاعە وقارەمان وشۆڕشگێر ،جاشەکانی ئەنفال تاقم ودەستە وهێزو مەفرەزە وفەوجیان هەبووە، ..جبەخانە وچەکی نوێ وکەرەستەی جەنگییان پێ بووە ، پیاوی بەرەعییەت وخاوەن ناوو بوون وکەسوکاریان هەبووە.

دەکرێ جاش لەهەموو کەس تاوانبارتربێت ، گەر جاش نەبوایە سەربازێکی زەلکاوەکانی بەسرە لەکوێ دەگەیشتە ناوچەی گەرمیان وبلە وبەرزان ودۆڵی جافەتی وبادینان؟؟

خوێندنەوەی جاش ، خوێندنەوەیەکی کاتی بەرژەوەند خوازی کورت بینانە بووە بۆیە هەر زوو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بێ نرخ وبێ ڕێزکران بەئێستاشیانەوە.

پێم وایە جاشەکان هەریەکە وهۆیەکی هەیە بۆ جاشێتی وچەند جۆرێکن:

*ئەو جاشانەی لە پێشمەرگە یاخی دەبوون ولەلایەن شۆڕشی ئەوساوە داواکراوو یاساغ بوون.

*ئەوانەی بەرژەوەندییەکانیان تەباو هاوتەریب بوو لەگەڵ دەربەگایەتی ودیکتاتۆرییەتی بەعسدا ، کەئەمە پێچەوەنەی سیاسەت وبەرنامەی شۆڕش بووە.

*ئەوانەی لەبەر هەبوونی سامانێکی زۆر وزەوەند لەزەوی داگیر کراوی هەژاران ومەروماڵات کە ترسی لەدەستدان یان قۆرغ کردنیانیان هەبووە لەلایە ن حکومەتەوە.

*ئەوانەی هیچ نەبوون ودەیان ویست لەرێی بەجاش بوونیانەوە ببنە خانەدان وخاوەن سامان.

* ئەوانەی کەلەترسدا دەبوونە جاش وحکومەت گومانی بەردەوامی لێدەکردن بۆیە ویستیان بەم کارەیان حکومەت دڵنیابکەنەوە لە خۆیان.

بەداخەوەلەگەڵ ئەمانەشدا کورد هەمیشە دەستی خیانەتکاری تیابووە ومێژووش ئەمەی سەلماندووە، جگە لەوەی چەندین بەهانە وتەکنیکی تر هەبووە بۆ بوون بەجاش.

جاش لەسەردەمی ئەنفالدا دەستی لەئەتك کردنی کچ ودایکەکانماندا هەبووە .. جاشی ئەنفال تاوانبارە بە بەفەرهوودبردنی سامانی نەتەوەیی وژێرخانی ئابووری کوردستان وتایبەتتر لادێکان ، هەروەها سوتاندنی ئەو گوندو شارۆچکانەی کوردستان ولە سێدارەدان وگرتن وکوشتن وجاسوسیکردن بۆ بەعس لەئەستۆی ئەمانە.

لەدوای ڕاپەرینەوە جاش ماڵوێران وسەرگەردان وپەرتەوازە بوو ودەستیانکرد بەئاژاوەنانەوە ودزی وقاچاخچێتی ، لەبەرامبەر ئەمەدا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بۆ کۆکرنەوەی خەڵك لەخۆیان وبۆمونافەسەی حیزبایەتی هەستان بەجێکردنەوەی جاشەکان بەبیانووی لێبوردنی گشتییەوە وهەرچی بەرژەوەندی نەتەوەیی ونیشتیمانی هەبوو وەلایان نا کە لە ٩٠٪ی جاشەکانیان گرتە خۆیان وگەراندیاننەوە بۆ ناوکەسو کاری ئەنفالکراوەکان ومیللەتی کورد کە لەدوایدا بوون بەپیاوو دەسیسەی خۆیان وهەر ئەوانیش بوون شەری براکوژییان هەڵگیرساند وبوون بەکاربەدەستی حکومەت وگەل..، هەر جاشەکانن خەریکی سەنگەر گواستنەوەو ئەملا وئەولا کردنن وبەدوای پاروی چەوردا دەگەرێن.

گاڵتەشم بەو قسەیە دێت کە دەڵێن"هەندێ جاش هاوکاری خەڵکیان کردووە ولەپرۆسەی ئەنفالدا کوردیان دەرباز کردووە" چونکە ئەوانەی وا دەڵێن پیاوو کەسوکاری جاشەکان خۆیانن ، ئەگەر ئەو قسەیەش ڕاست بێ ئەوا بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ودەکرێ هۆکاری کۆمەڵایەتیش هەبن نەك نەتەوایەتی ودڵسۆزی خاك وئاوی کوردستان ئەگینا باجاشایەتییان نەکردایەو بچونایەتە شاخ ، ئەوقسانە تەنها بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانە زۆرو زەوەندەکانیانە دەرهەق بە نەتەوەکەی خۆیان سەرەرای ئەوەش خۆ کفر نیە لە ٤٠٣فەوج و٣٦٠موستەشار وزیاتر لە١٥٠هەزار جاشدا چەند کەسێك هەبن .

جاشی ئەمرۆ وان لەکوردستانی ڕۆژهەلات .. وان لە کوردستانی تورکیا وکەواسووری بەر لەشکری دوژمنن ودژی برا شۆرشگێرەکانمان دەجەنگن ودەبنە دەلیل و ڕێ نیشاندەری بنکە وبارەگاکانیان ، جاشی لای خۆمانیش ئەمرۆ لەبەرگی واستەچی وماستاوچی ومەراییی کەراندایە .. جاشی ئەمرۆ لە ڕاگەیاندن ولەسەر نووکی قەلەمی پیاوەنەخۆشەکاندایە ، بۆ ئەوەی زیاتر درێژە بەباسەکەم نەدەم .. پێم وایە چەندە سەدام وعەلی کیمیاوی ونزار خەزرەجی و..هتد تاوانبارن سەد هێندە جاش تاوانبارە و دەکرا کورد ئەوەندەی هەوڵی بۆدادگایی کردنی سەرانی بەعس دەدات ، هێندەش کاری بۆ دانانی دادگاییەکی عادیلانە بکردایە بۆ لێپرسینەوە لە جاشەکان ،چونکە کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش هێندەی چاوەرێی لابردن ودوور خستنەوە و وەلا نانی جاش دەکەن لە دەسەلاٚت و حکومەت و حیزب ، نیو هێندە چاوەرێی دادگایی کردنی سەدام ناکەن .. سەدام کەسێکە مەگەر بەس لەtvای ورووپەری ڕۆژنامەکانەوە ببیننو دەزانن پەتکراوە وچارەنوسی مەرگە ، بەلام جاشەکان لەسەر جادە ولەنێو کۆر وکۆبونەوە وکورسی دەسەلاتدان ودەمراست و دەم سپی میللەتن .

# نوگرەسەلمان
Nugireselman

بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆی تایبەتە بە پرسی جینۆساید و ئەنفال

ژمارە (١١) لە ٢٠٢٢/٧/٢١ بەرانبەر بە ٣٠ پووشپەڕی ٢٧٢٢



**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر**

عەلی مەحمود محەمەد

٠٧٥٠٣٧١٤٦٢٠

**بەڕێوبەری نووسین**

هێمن حەسیب

٠٧٧٠١٢٠٦٩١٢

**دەستەی نووسەران**


حەمزە قاسم عەلی ـ دیمەن محەمەد نوری

ئارام خەلیل ـ گەردە مامە حەمە ـ ئاراز خەلیل شێخانی

سۆران مامە حەمە ـ فەخری

حەمە سەعید زەنگنە ـ فەخری

ئیدریس حاجی سەعید (فەخری) ـ زایر زەنگنە (فەخری)

نامرم کە مردووم

زیندووم

ئەو کاتەی مێرووڵە پیرەگان

ژمارەی مۆبایلەکەم

لە بیر دەکەن.

نەخشە بۆ نەوەکانیان دادەنێن

تەرمەکەم لە خۆم جیا نابێتەوە

وەك خوانێکی خودایی

لە ژێر پێی مێرووڵە باڵدارەکاندا

تل دەدەم

مێرووڵەیەك،

لە جێی فیشەکێکی سەرمەوە

بە یەك پێك شەرابی دەماخ

سەرخۆشە...

کۆپلەیەك لەو شیعرەی پێش

شەهیدبوونی نووسیویەتی

و پاش شەهیدبوونی بڵاوبووەوە